Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpB.28

# میکانیزمەکانی مەیلگۆڕین لە وتاری سیاسیی کوردیدا

## (بە نموونەی وتارێکی بانگەشەی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢٤-ی هەرێمی کوردستان)

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Nawal Smail Azeez
nawalsmail98@gmail.com

**نوال سمایل عزیز/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**هیوا أحمد عەساف/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە/شەقلاوە، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

RECEIVED :16 /07/2025
ACCEPTED :16/08/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

**پوختە**

مەیلگۆڕین ئەو وروژێنەرانەن، کە لە ڕێگەی زمانەوە کار لە هەست و سۆزی وەرگر دەکەن و ئاراستەی بیرکردنەوەی دەگۆڕن. کۆمەڵێک میکانیزمی زمانی دەتوانن ئەو ئەرکە بەجێبگەیەنن، کە نێرەر(قسەکەر) بەهۆیانەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی وەرگر و ئاراستەکردنی دەدات. ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی (میکانیزمەکانی مەیلگۆڕین لە وتاری سیاسیی کوردیدا) نوسراوە، باس لە میکانیزمە جیاوازەکانی مەیلگۆڕین(الاستمالة ,Captation) دەکات لە چوارچێوەی هەوڵە جیاوازەکانی قسەکەر بۆ ڕازیکردنی وەرگر. توێژینەوەکەمان تایبەت کردووە بە وتاری سیاسیی کوردی، لە ماوەیەکی دیریکراودا، کە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە لە ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠٢٤) دا، توێژینەوەکە بنەما تیۆرییەکانی ڕازیکردن بە گشتی و مەیلگۆڕین بە تایبەتی دەستنیشاندەکات، پاشان لەبەر ڕۆشنایی ئەو بنەما تیۆرییانەدا شیکردنەوە بۆ وتاری سیاسیی کوردی دەکات و بنەما و میکانیزمەکان دیاردەکات. هەروەها لەسەر بنەمای ڕێژە و ڕادەی بەکارهێنانی هەر بنەمایەکی تیۆری لە وتارەکاندا، شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ (وتاری سیاسیی کوردی و پلان و سیاسەتی ڕازیکردن لای وتاربێژانی سیاسی) دەکات.

**وشە سەرەکییەکان:**
ڕازیکردن،
مەیلگۆڕین،
دروشم،
پەیوەندیی سیاسی،
وتاری سیاسی

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

**ناونیشانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی (میکانیزمەکانی مەیلگۆڕین لە وتاری سیاسیی کوردیدا- بە نموونەی وتارێکی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠٢٤)ی هەرێمی کوردستان) ئەنجامدراوە، بەشێکی هەڵهێنجراوە لە نامەی ماستەر، تییدا میکانیزمەکانی مەیلگۆڕین لە وتاری سیاسیی کوردی لە کاتێکی دیاریکراوددا دەستنیشان دەکات و ڕۆڵی ئەو میکانیزمە زمانییانە لە جوڵاندنی هەست و سۆزی وەرگر دیاردەکات.

**بوار و ڕێبازی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە بواری (کۆزمانەوانیی سیاسی- Political Sociolinguistics)دایە، چونکە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت؛ چۆن شێواز و ڕەهەندی زمانی دەبێتە هۆی وروژاندن(captation)ی گوێگر و وتاربێژ بیر و تێڕوانینی ئاراستەدەکات. توێژینەوەکەش بە ڕێبازی وەسفیی شیکاری نوسراوە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەت:** نەبوونی توێژینەوەیەکی تایبەت لەسەر مەیلگۆڕین لە وتاری سیاسیدا هۆی سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بوو. ئێمە دەمانەوێت ئەو کەلێنە پڕبکەینەوە.

**پرسیار و ئامانجی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە:

- مەیلگۆڕین چییە و میکانیزمەکانی چۆن کار لە هەست و سۆز دەکات و دەبێتە هۆی ڕازیبوونی وەرگر؟
- لە سامپڵی توێژینەوەدا تا چەند سوود لە بنەما و میکانیزمەکانی مەیلگۆڕین وەرگیراوە؟
- لە سامپڵی توێژینەوەدا زۆرتر پشت بە کام جۆری مەیلگۆڕین بەستراوە؟ واتە وتاربێژ زۆرتر دەیەوێت؛ هەستی وەرگر بە شێوەی ئەرێنی بجوڵێنێت؟ یان بیترسێنێت؟ یان بە داتا و ژمارە عەقڵی بدوێنێت؟

**گرنگیی توێژینەوە:** توێژینەوەکە سەرچاوەیەکی باشە بۆ تێگەیشتنی قووڵ و فراوانی توێژەر و پسپۆڕانی بوارەکە لە (میکانیزمەکانی مەیلگۆڕین). هەروەها بۆ وتاربێژ و قسەکەری سیاسی و بوارەکانی تریش سەرچاوەیەکی باشە تاکو بەهۆیەوە بتوانن شێوازی کاریگەر بۆ ڕازیکردن و ڕاکێشانی جەماوەر بەکاربهێنن.

**کۆمەڵگەی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا یەک وتار(speech)ی ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠٢٤) بە نموونە وەرگیراوە. ئەویش وتاری (مەسعود بارزانی) سەرۆکی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ە لە شاری هەولێر، لە ڕێککەوتی (٢٠٢٤/١٠/١٥). وتارەکە بە (شێوەی فەرمی/ زاری ناوەڕاست)ی زمانی کوردی پێشکەشکراوە. لە ماستەرنامەکەدا زیاتر لە وتارێک شیکراوەتەوە، بەڵام بەهۆی سنورداریی قەبارەی توێژینەوە لە گۆڤارەکاندا، بۆ ئەم توێژینەوەیە یەک سامپڵ هەڵبژێردراوە. هەر لەبەرئەوەش دەقی وتارەکە لە پاشکۆی ئەم توێژینەوەیەدا دانەنراوە، لە بەشی دووەم بەستەر(لینک)ی وتارەکە دانراوە.

**بەشەکانی توێژینەوە:** توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دوو بەش پێکدێت؛ بەشی یەکەم تیۆرییە و تایبەتکراوە بە بنەما تیۆرییەکانی ڕازیکردن بەگشتی و میکانیزمەکان مەیلگۆڕین بە تایبەتی. بەشی دووەم پراکتیکیە و تایبەتە بە دیاریکردنی میکانیزمەکانی مەیلگۆڕین لە کەرەستەی توێژینەوەدا، هەروەها شیکردنەوە بۆ بەرئەنجامی داتا و ڕێژەی میکانیزمە جیاوازەکانی نێو دەقەکە کراوە. لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، هەروەها پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## 1- ڕازیکردن و میکانیزمەکانی مەیلگۆڕین

### چەمک و پێناسەی ڕازیکردن

ڕازیکردن وەک هەموو چەمکێکی تر چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، هەریەکەیان بە شێوەی جیاواز و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە یان نزیک لە یەکتر لە بابەتەکە دەڕوانن، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

١- ڕازیکردن بریتیە لە جوڵاندنی هەست و سۆزی گوێگر، ئەمە بۆ ڕازیکردن بەژدارییەکی کارای هەیە تا قسەکەر لە ڕێیەوە بەو مەبەستەی، کە خۆی دەیەوێت بگات، تەنانەت (ئەرستۆ) یەکەم فەیلەسوفە دەڵێت بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی زارەکی یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی ڕازیکردن لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا (عمر، ٢٠٢٢، ١١).

لەم پێناسەیەدا جەخت لەسەر بنەمای جوڵاندنی هەست و سۆز کراوەتەوە، وەکو هۆکارێکی سەرەکی بۆ گۆڕینی بیروڕای بەرانبەر ناسێنراوە. واتە هەمیشە قسەکەر لە ئاخاوتندا یاخود وتاربێژەکان یان ئەو کەسانەی هەوڵی گەیاندنی بیرۆکەیەک

دەدەن، لە ڕێگەی کارکردنە سەر هەست و دەروون دەیانەوێت کاریگەری لەسەر بەرانبەر دروست بکەن و بیهێننەڕا.
٢- ڕازیکردن بریتییە لە کارکردنە سەر باوەڕی بەرانبەر لە ڕێگەی خستنەڕووی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر، بە مەبەستی گۆڕینی هەموو یان بەشێک لە باوەڕەکانی ئەو کەسە (خليل، ٢٠١٢، ٢٦).
لێرەدا بەڵگەهێنانەوە کراوە بە بنەمای ڕازیکردن، هەمیشە ئەگەر شتەکان بە بەڵگە و داتا سەلمێنران، ئەوا لای بەرانبەر باوەڕپێکراوتر دەبن، چونکە هەمیشە بەڵگە یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی ڕازیکردن.
٣- ڕازیکردن کارامەیی بەکارهێنانی وشەیە، بۆ گۆڕینی بیروڕا و هزر و هەست و ڕەفتاری کەسانی تر (Steve-Butterfield, 2009, 15).
ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر کارامەیی و لێزانیی قسەکەر لە بەکارهێنانی زمان و هەڵبژاردنی وشە و دەربڕینی کاریگەر دەکاتەوە. ئەم جیاوازییەش بەپێی جیاوازی شێوازی کەسایەتی تاکەکان دەگۆڕێت.
لەم پێناسانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە ڕازیکردن کردەی جوڵاندنی هەست و تێرکردنی پێویستییەکانی تاکە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی قسەکەر، کە گۆڕینی ڕا و ڕەفتاری وەرگرە، بەو ئاراستەیەی قسەکەر دەیخوازێت. ئەمەش لە ڕێگەی خستنەڕووی بەڵگە، وشەی کاریگەر، زمانێکی نەرم و دوور لە سەپاندن دەکرێت. لە ڕاستیدا کردەی ڕازیکردن فراوانتر و وردترە لە بەدەستهێنانی هیوایەکی کاتی. بۆ ئەم مەبەستە قسەکەر بە جۆرێک زمان بەکاردێنێت کە بتوانێت هەستی بەرانبەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. هێمای زمانیی کاریگەر ڕۆڵی گرنگ لە ڕازیکردندا دەبینن.

## ڕازیکردن وەک ئەرکێکی زمان

بەگشتی چەند ئەرکێک بۆ زمان دیاریکراوە، زۆرجار ئاراستەکردنی وەرگر و ڕازیکردنی بە یەکێک لە ئەرکەکانی زمان دانراوە. لێرەدا چەند بۆچوونێکی زمانەوانی و فەلسەفی سەبارەت بەم ئەرکە دەخەینەڕوو.
ڕازیکردن ئاراستەکردنی بیرکردنەوە و تێڕوانینی وەرگرە بەو جۆرەی قسەکەر دەخوازێت. (هالیدای) پێیوایە یەکێک لە ئەرکەکانی زمان سوودمەندبوونە، ئەم سوودمەندبوونەش بۆ گەیشتن بە ئەنجام بەکاردێت، کە بە ئەرکی "من دەمەوێت" ناونراوە (ابو عرقوب، ١٩٩٣، ١٨٩). بەم پێیە سوودمەندبوون بە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی زمان دادەنرێت و ئەم سوودمەندیەش یەکێکە لە مەبەستە گرنگەکان، کە هۆکارە بۆ ڕازیکردن، هەروەها ڕازیکردن لە ڕێگەی زمانەوە دێتەدی و یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی زمان ڕازیکردنە، (هالیدای) زمان بە ئامرازی ئاراستەکردن و کارکردنە سەر ئەوانی تر دەزانێت، بۆیە دەڵێت زمان لە ڕێگای گوزارشتکردن لە خود و کارکردنە سەر ئەوی تر، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بەکاردێت (نحلة، ٢٠٠١، ١٣٥).
بەبڕوای (لیچ) زمان لە پاڵ ئەرکی هەستدەربڕین و هەواڵگەیاندن، ئەرکی ئاراستەکردن و فەرماندانیشی هەیە. لێرەدا زمان بە ئەرکی کارکردنە سەر ڕەفتار و تێڕوانینی خەڵک هەڵدەستێت(Leech, 1974, 74) واتە (لیچ) سێ ئەرکی (هەست دەربڕین، هەواڵدان، ئاراستەکردن و فەرماندان)ی بۆ زمان دیاریکردووە. لە ئەرکی ئاراستەکردندا زمان ڕۆڵی دروستکردنی کاریگەری و ڕازیکردن و جێبەجێکردن دەگێڕێت. ئەم ئەرکە لە نێوان ئەرکەکانی تری زماندا بە ئەرکی سەرەکی دادەنرێت بۆ ڕازیکردنی بەرانبەر و ئاڕاستەکردنی بەو ئاراستەیەی، کە قسەکەر دەیەوێت.
بە بڕوای (ئۆڵمان) زمان دوو ئەرکی سەرەکیی هەیە، یەکێکیان دەربڕینی ڕاستی و گەیاندن و گواستنەوەی هزرە، ئەوەی دووەمیان ئەرکی سۆزدارییە، کە زمان لەو بارەدا هەست و سۆز و هەڵچوون دەگەیەنێت، لە هەمان کاتدا کاریگەری لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ دەکات (أولمان، ١٩٩٧، ١١١)، ئامانجی ڕازیکردنیش کارکردنە سەر هەست و سۆزە، پاشان کارکردنە سەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری وەرگرە. بۆیە دەگوترێت زمان چەکێکە لە مەترسیدارترین جۆری چەکە دەروونییەکان، بۆ زاڵبوون بەسەر بیر و شتەکاند ا (الشهري، ٢٠٠٤، ١٥٢). پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، مەرج نییە ئەو کردەیە بە ئاراستەی نەرێنی کاربکات، بەڵکو زۆر جار ئاڕاستەیەکی ئەرێنیی هەیە و هەردوولا سوودمەنددەبن، واتە سوود و قازانجی گوێگریش لە ڕازیکردنەکەدا هەیە.
جگە لەوانە، پۆلینی تر بۆ ئەرکەکانی زمان کراوە، بۆ نموونە لەم ج ۆرە ئەرکەکانی زمان دیارکراوە یەکەم جار بۆ ڕازیکردن و کۆنترۆڵکردن لەسەر ڕەفتار بەکاردێت، دووەم جار بۆ گەیاندنی پێزانینە، جاری سێیەم بۆ دروستکردن و

پێکەوە بەستنەوەی کۆمەڵگەیە و کۆتاجاریش بۆ دەربڕینی بیر و نووسینی شیعرە (Aitchison, 1999, 20).
لەسەر بنەمای ئەو پۆلینە جیاوازانە و تایبەت بە (گازیکردنی سیاسی) دەتوانین بڵێین یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی زمان، سیاسەتمەداران لە کۆن و نوێدا زمانیان وەک هۆکارێک بۆ بەدەستهێنانی مەبەست و ئامانجەکانی خۆیان بەکارهێناوە (عکاشة، ٢٠٠٧، ٧٨). جگە لە سیاسەت لە زۆر بواری تردا زمان لەپێناوی بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەدا بەگەڕدەخرێت. لە هەر بوارێکدا، کە قسەکردنی تێبکەوێت، یەکێک لە مەبەستە پراگماتیکییەکانی بەکارهێنانی زمان پێدانی زانیاری و ڕازیکردنە (عصاف، ٢٠٢٢، ١٠٠). لەم ئەرکەدا زمان بۆ مەبەستی دروستکردنی کاریگەری و ڕازیکردنی بەرانبەرە بەو شتەی، کە قسەکەر مەبەستیەتی بیگەیەنێتە بەرانبەر، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیک و ڕێگەی جۆراوجۆر بۆ ڕازیکردن و باوەڕپێهێنانی بەرانبەر دەکرێت. لەناو کردە قسەییەکاندا ئەم ئەرکە بە کردەکانی (Expositives) بەجێدەگەیەنرێت، بەوپێیەی ڕازیکردن کردەیەکی کارلێکییە، لەنێوان وەرگر و نێرەردا، نێرەر هەوڵدەدات کاریگەری لەسەر بەرانبەرەکەی دروست بکات و وەڵامدانەوەی بۆی هەبێت (اودیل و کیبل، ٢٠٠٠، ٩٦). لە بەکارهێنانی زماندا جوڵاندنی هەست و سۆزی گوێگر بۆ ڕازیکردن بەشدارییەکی کارای هەیە، تا قسەکەر لە ڕێیەوە بەو مەبەستەی کە خۆی دەیەوێت بگات، (ئەرستۆ) یەکەم فەیلەسوفە، کە دەڵێت بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی زارەکی یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی ڕازیکردن لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا (Elinda & Roussef, 2001, 18). بۆیە بەگشتی زمان ئامرازی سەرەکی و گرنگە بۆ ڕازیکردن، لە هەر بوارێکدا ناتوانین ڕۆڵ و گرنگیی زمان فەرامۆش بکەین، چونکە مرۆڤ هەمیشە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا هەوڵدەدات گوێگر ڕازیبکات. ئاشکراشە توانای ڕازیکردن لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێت و، قسەکەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەندێک وشە و دەستەواژەی سەرنجڕاکێش بەرانبەر ڕازیبکات و کاریگەریی لەسەر دروستبکات و ڕازیکردنەکە ئاراستەیەکی ئەرێنی وەربگرێت.

## ڕێگاکانی ڕازیکردن

پرۆسەی پەیوەندیکردن کارانابێت ئەگەر کاریگەری و کاردانەوە لای گوێگر بەدینەکرێت، ئەم کاریگەری و کاردانەوەیەش کاتێک دەبێت، کە وەرگر بێتە ژێر باری ئەوەوە بۆچوونەکانی نێرەر وەربگرێت و خۆی ڕادەستیان بکات. ئەمەش دەبێتە ڕازیبوونی وەرگر. ڕازیبوونیش کاتێک دێتەدی، کە نێرەر بتوانێت دەست بەسەر لایەنێکی وەرگردا بگرێت وەکو هۆش، سۆز... هتد. لەسەر ئەو بنەمایە زانایانی بواری پەیوەندیکردن چوار ڕێگەیان بۆ ڕازیکردن داناوە، کە لێرەدا هەریەک لەو ڕێگایانە ڕووندەکەینەوە.

### ١- ڕازیکردن لەڕێگەی هۆشەوە

هۆش و بیر بنەمای جیاکردنەوەی مرۆڤە لە زیندەوەرانی دی، هەر ئەم بنەمایەش داهێنەری زمانە، زمان و بیر دوو ڕووی یەک دراون، هیچیان بەبێ ئەوی دیان نایەت. مرۆڤ لە ڕێگەی بەکارهێنانی بیر و زمانەوە ئامانجەکان دەپێکێت. (وڵبرت و ڕۆئیل Walbert & Roeil) پێیانوایە ڕازیکردن بەم ڕێگایە بریتییە لە بەکارهێنانی ستراتیژییەتە هێماییەکان بۆ دەستەمۆکردنی هۆش و ژیریی گوێگر لە ڕێگەی بەڵگە و یاسای ڕاستەقینە و یاسای سروشتی ژیان و ئامار...، کە قسەکەر بۆ سەلماندنی بیرۆکەکانی بۆ گوێگر لە ڕێگەی کۆدێک کە هەڵگری واتان بەکاریاندەهێنێت، لێرەدا پێویستە ڕەچاوی کەسایەتی و ئاستی زانیاری و لێکدانەوەی گوێگر بکرێت (الحدیدی و علی، ٢٠٠٦، ٦٨). واتە چۆن لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەڵگەی عەقڵی و لۆجیکی و بەکارهێنانی هۆشەوە قسەکەر هەوڵی ڕازیکردنی بەرانبەر بدات و بتوانێت سوودی لێ وەربگرێت بۆ ئەوەی بتوانێت هەوڵی پاراستنی ئامانجەکەی بدات. زۆربەی ئەو زیانانەی لە پەیوەندیکردندا لە گوێگر دەکەوێت، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەشدارییپێنەکردنی (هۆش) لەلایەن گوێگرەوە لە کردەی ڕازیکردندا.

### ٢- ڕازیکردن لەڕێگەی سۆزەوە

سۆز لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە، وروژێنەری زۆرێک لە مەبەست و هەڵوێستەکانی مرۆڤە، ڕێژەکەی لە هەر مرۆڤێکدا بەپێی ڕەگەز و تەمەن و باری ژیان و بیروڕای کەسەکە دەگۆڕێت. ڕازیکردن لە ڕێگەی سۆزەوە بەپێی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان قسەکەر و گوێگریش دەگۆڕێت، قسەکەر هەوڵدەدات دەستبگرێت بەسەر کەناڵەکانی سۆز لە گوێگر وەک خۆشەویستی و بەزەیی و ڕق و کینە و تووڕەیی (عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٩، ٤٤). واتە لە پەیوەندیکردن و

ڕازیکردندا پەنا بۆ سۆزی گوێگر دەبردرێت، پێویستە بەو خاڵە دەستپێبکرێت، کە سۆزی گوێگری لێوە سەرچاوە دەگرێت، وەک: هەستی ئاینی و نەریتی کۆمەڵگا و هەستی نەتەوایەتی... هتد. هەموو ئەم جۆرە هەستانە لە ڕێگەی سۆزەوە دەردەبڕێن و نیشان دەدرێن.

ڕازیکردن لە ڕێگەی سۆزەوە هەموو ئەو ڕێگایانە دەگرێتەوە، کە پەنا بۆ سۆز ببرێت بۆ شیکردنەوەی ئەو کۆدانەی بە وەرگر دەگات. هەرچەندە لە ڕووی زانستییەوە دەگمەنە ڕازیکردنی تاکی بە ئامانجگیراو(گوێگر) تەنیا لە ڕێگەی سۆزەوە یا تەنیا لە ڕێگەی ژیربێژی(منطق) ئەنجام بدرێت (الحدید و علی، ٢٠٠٦، ٦٨). واتە ناتوانین تەنیا لە ڕێگەی سۆز یان هۆشەوە بڕیار لەسەر شتەکان بدەین، سۆز و هۆش دوو ڕووی یەک دراون و بێ یەکتر نایەن، چونکە لە هەموو تاکێکدا سۆز و هۆش دوو لایەنی تەواوکەری یەکترن و هەردووکیان یەکتری تەواودەکەن و لەو پرۆسەیەدا بەشدارن.

### ٣- ڕازیکردن لە ڕێگەی ترسەوە

ڕێژەیەکی زۆری کارەکان لەسەر بنەمای ترس ئەنجامدەدرێن، لە ڕەوتی ژیانی هەر تاکێک ئەوە هاتۆتە پێش، کە پێویست بووە لە هەندێ بار چەند ڕەفتار و گوفتارێک ئەنجام بدات، بەڵام لە ترسان ئەنجامی نەداوە، بە پێچەوانەشەوە.

هەرچەندە ترس لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت، بەڵام بە گشتی لە هەموو تاکێکدا بوونی هەیە، بەو کەسانەشەوە، کە خاوەن پێگەی بەرزی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسین. ئەمەش وادەکات، ترس ببێتە تەوەرێک بۆ ڕازیکردنی تاکەکان، دەکرێت وەک خاڵێکی لاوازی مرۆڤ سوودی لێ وەربگیرێت.

(جانس و فیشباک ١٩٥٣ Jans & Fishback) جیاوازیی نێوان ترسی بەرز و ترسی نزمیان کردووە، ئەمەش لە هەندێک هەڵوێستی ئەو قوتابییانەوە سەرچاوەی گرت، کە ڕازیکران بەوەی ددانەکانیان پاکبکەنەوە، ئەنجامەکە ئاماژەی بەوە کرد، کە ئاستی نزم لە پەیام سەرکەوتووترە بۆ گۆڕینی ئاڕاستەکان لە ترسی بەرز. لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بە پێچەوانەکەی دەکەن، کە تەوەری ترسی بەرز کاریگەری و کاردانەوەی یەکجار زیاترە. (هەمان سەرچاوە، ٦٨)بە هەر بارێک بێت، نکۆڵی لەوە ناکرێت، کە لە ڕێگەی ترسەوە دەتوانرێت کار لە کەسی بەرانبەر بکرێت و ڕازیبکرێت، ئەمەش یەکێکە لە ڕێگە کاریگەرەکان، کە چۆن ترس دەتوانێت وا لە بەرانبەر بکات بەو کارەی گوێگر داوای لێ دەکات، ڕازیببێت.

### ٤- ڕازیکردن لەڕێگەی دووبارەکردنەوە

ڕازیکردن لە ڕێگەی دووبارەکردنەوە یەکێکە لە ڕێگاکان بۆ ڕازیکردنی بەرانبەر، مەبەست لەوە، دووبارەکردنەوەی پەیامە لە لایەن قسەکەرەوە بۆ ڕازیکردنی گوێگر. هەرچەندە دووبارەکردنەوە بە مەبەستی ڕازیکردن (قەناعەتپێهێنان) زیاتر لە بواری ڕێکلام و پەروەردە و فێرکردن کارادەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک باردا لە پەیوەندی کەسیدا لە ڕازیکردنی بەرانبەر، یاخود گوێگر ڕۆڵی کارای هەیە. دووبارەکردنەوەی پەیام لە لایەن قسەکەرەوە دەبێتە هۆی وروژاندنی هۆش و سۆز، بەمەش کردەی ڕازیکردن لە ڕەفتار و گوفتاری گوێگر ڕوودەدات، دووبارەکردنەوە بە شێوەیەکی یەک لە دوای یەک لە ناخی مرۆڤ جۆرێک لە باوەڕ دروستدەکات (الوردی، ٢٠٠٥، ١٢٨). بەمەش ڕازیکردن ڕوودەدات. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین دووبارەکردنەوەی پەیام بە ڕێژەیەکی زۆر دەبێتە هۆی دروستبوونی گومان لای گوێگر، بۆیە پێویستە لە دووبارەکردنەوەدا ڕەچاوی گۆڕانی شێوازی دووبارەکردنەوەکە بکرێت. واتە گواستنەوەی یەک مەبەست لە پەیام بە شێوازی جیا کاریگەرە، نەک بە هەمان شێواز. دووبارەکردنەوەکەش پەیوەستە بە جۆری پەیامەکە و چۆنیەتیی گونجانی لەگەڵ جۆری پەیامەکەدا و چۆنیەتیی کارکردنی ئەو دووبارەکردنەوەیە بۆ ڕازیکردنی بەرانبەر.

بێگومان دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین هەر هەموو ڕێگاکان لە کردەی ڕازیکردندا بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێن و هەریەکە و پەیوەستە بە شێواز، یاخود ئەو بوارەی تێیدا بەکاردێت و قسەکەر هەوڵدەدات بەپێی ئەو بوارە، یاخود ئەو شوێنە، یاخود ئەو مەبەستە گوێگر ڕازیبکات، کامە ڕێگە گونجاوە زیاتر بەکاریبێنێت، بۆئەوەی کاریگەربێت و بگاتە مەبەست و ئامانجەکەی، چونکە دەزانین هەر بابەت یاخود بوارێک ڕێگا و شێوازی خۆی هەیە، چۆن تێیدا ڕازیکردن ڕوودەدات و کردەکە بەئەنجام دەگەیەنرێت. بۆ ئەمەش پێویستی بە شارەزایی قسەکەر هەیە لە بوارەکان و ڕێگاکانی

ڕازیکردنی گوێگر و گونجانی لەگەڵ بوارەکانی ڕازیکردندا.

## میکانیزمەکانی ڕازیکردن

لە ناو تیۆرە تایبەتەکانی ڕازیکردندا چەند میکانیزمێکی زمانیی تایبەت بەڕازیکردنیش هەیە، کە لەژێر ناوی بابەتی جیاوازدا باسکراون، وەک: (ئارگۆمێنت، مەیلگۆڕین – کاپیتیشن، زمانی میلتۆن) لە هەریەک لەوانەدا کۆمەڵێک میکانیزمی هاوشێوە و جیاواز بە مەبەستی کارکردنەسەر وەرگر بەکاردەهێنرێت (عصاف، ٢٠٢٢، ١٠٨). هەریەک لەوانە کۆمەڵێک میکانیزم لەخۆدەگرن، تایبەتن بە ڕازیکردن و بۆئەوە بەکاردێن ڕازیکردن بەدیبێت. بێگومان هەریەک لەو میکانیزمانە پشت بە بنەمایەک دەبەستن، جا لە ڕێگەی جوڵاندنی هەست و سۆز بێت، یاخود خستنەڕووی بەڵگە و سەلماندن بێت. نێرەر بۆ ڕازیکردن و زاڵبوون بەسەر وەرگردا پەنا بۆ ڕێگا و شێوازی جیاواز دەبات کۆمەڵێک هۆکاری وەک بۆنەی قسەکردن، دەوروبەر، سروشت و ئاستی هەریەک لە نێرەر و وەرگر، باری دەروونی نێرەر. . . هتد لە هەڵبژاردنی شێوازی ئاخاوتن بەگشتی و ڕستەکان بە تایبەتی ڕۆڵدەبینن، نێرەر بەپێی هەلومەرجی خۆی و ئاخاوتن و وەرگر لە پێناوی دروستکردنی کاریگەری لەسەر وەرگر کۆمەڵێک تەکنیک لەگەڵ کردە جیاوازەکان بەکاردێت (هەمان سەرچاوە، ١١٧).

ئارگۆمێنتسازی؛ یەکێکە لە میکانیزمەکانی ڕازیکردن، لە زمانی عەرەبیدا لە بەرانبەر چەمکی ئارگۆمێنت زاراوەی (الحجاج) بەکارهاتووە، (ئیبن مەنزور) لە فەرهەنگی (لسان العرب) ئاماژەی بە (الحجاج) کردووە بەوەی سەلماندنە، بەرانبەرەکەتی پێ ڕازیدەکەیت، یان دەگوترێت بەهۆی ئارگۆمێنتەکانەوە بەسەر وەرگردا زاڵدەبین، کە لە ڕێگای بەڵگە و سەلماندنەوەیە (ابن منظور، ١٩٩٧، ٢٨). فەیلەسوفی نەمسایی (کارل ڕایمۆند پۆپەر Karl Raimund Popper) چوار ئەرکی سەرەکی بۆ زمان دیاریکردووە یەکێک لە ئەرکەکان ئەرکی (ئارگۆمێنسازی)یە، واتە یەکێک لە ئەرکەکانی زمان ئەوەیە، مرۆڤ کردەی بەڵگەهێنانەوە و پاساوهێنانەوەی بەرانبەر بە وەرگر ئەنجامدەدات (الشهري، ٢٠٠٤، ١٤). ئارگۆمێنتسازی بریتییە لە پێدانی ئەو پاساو و بەڵگانەی کە بە ئامانجێکی داریکراومان دەگەیەنێت (سهام، ٢٠١٨، ١٥). واتە دەکرێت بڵێین ئارگۆمێنت ئەو دەربڕینەیە، کە دەتوانێت یارمەتیدەربێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕازیکردنی وەرگر. تەکنیکەکانی بەڵگەهێنانەوە ڕۆڵیان لە گوتاری ڕازیکردندا هەیە. قسەکەر لە ئارگۆمێنسازیدا بۆ ڕازیکردنی بەرانبەر پشت بە بەڵگە دەبەستێت و هەوڵدەدات لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بەڵگەی لۆجیکی کاریگەری لەسەر عەقڵ و سۆزی بەرانبەر بکات و هەوڵی ڕازیکردنی بدات، نەک بە شێوەیەک بێت، کە بیروڕای خۆی بسەپێنێت. هەمیشە بەڵگە کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر هەست و سۆز و دەروون و عەقڵی جەماوەر یاخود وەرگر هەیە.

یەکێکی تر لە میکانیزمەکانی ڕازیکردن، کە بەکاردێ بۆ ڕازیکردنی بەرانبەر زمانی میلتۆنە و قسەکەر بەکاریدێنێت. بەم پێیە زمانی میلتۆن زمانێکە لە خەواندنی موگناتیسی یاخود خەواندنی بیری بێئاگای بەکاردێ ت. (الكلاب، ٢٠٠٨، ١). زمانی میلتۆن لای (میلتۆن ئەریکسۆن) وەک پزیشکێکی دەروونی زمانێکی زۆر تایبەت و بەهێز بوو، بۆیە بە زمانێکی کاریگەر و چڕ ناسرا، لە بەستنی پەیوەندی زەینی لەگەڵ نەخۆشەکانی و ئاڕاستەکردنی ئاخاوتنەکانی بۆیان (Erickson, 1980, 28). واتە وەک ڕێگایەک بەکاردەهێنرا، بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ نەخۆشەکان و پرسیارکردن لێیان، هەروەها لە ڕێگەی بەکارهێنانیەوە بۆ ڕازیکردنی بەرانبەر و گۆڕینی بیرۆکە و بیروڕایان و باشترکردنی دەروونی خەڵکی یاخود چارەخواز بەکاردەهنێرا، هەروەها ڕێگایەکە بۆ خەواندنی موگناتیسی و دەستگرتن بەسەر عەقڵ و قایلکردنی بەرانبەر. زمانی میلتۆن زمانێکی سەرسامکەرە بۆ خزانە ناو عەقڵی بێئاگایی مرۆڤەوە و بە خەواندنی موگناتیسی ناودەبرێت (صالح، ٢٠٢٠، ١٨٧). واتە قسەکەر بە بەکارهێنانی ئەو شێوە زمانە دەچێتە ناو عەقڵی بێئاگاییەوە، ئەمەش لە ڕێگەی هەوڵی غافڵاندن یان هەڵخەڵەتاندنی بیری ئاگاییەوە دەبێت.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە بیری مرۆڤ لە دوو بەش پێکدێت، کە ئەمانەن:

١- بیری ئاگایی: لە ڕێگەی پێنج هەستەکانەوە کاری تێدەکرێت و بیرۆکەکان پەسەند دەکات.

٢- بیری بێئاگایی: لە ڕێگەی هەست و سۆز و خەیاڵەوە کاری تێدەکرێت(هەمان سەرچاوە، ٢٥٠-٢٥١). واتە بیری ئاگایی

ئەو بیرەیە، کە بیرۆکەکان پەسەند دەکات و جیاوازی لەنێوان ڕاست و چەوتدا دەکات و بیری بێئاگایی زیاتر لە ڕێگەی سۆز و خەیاڵەوە کاری تێدەکرێت. بیری بێئاگایی بەشێکە لە بیرکردنەوەکان و ناتوانین ئاگاداری بین و دەسەڵاتمان بەسەریدا ناشکێت، هەموو کات بوونی هەیە و ئاگادارە، لە پەیوەندیی بەردەوامدایە، ئەو شوێنەیە بیروباوەڕ و بەها و بنەماکانی ڕەوشتی تێدا هەڵدەگیرێت (شعرور، ٢٠٠٩، ٢٢). زمانی میڵتۆن کار لەسەر بیری بێئاگایی وەرگر دەکات بیری بێئاگایش، جیاواز لە بیری ئاگایی، جیاوازی لەنێوان ڕاست چەوت ناکات. زمانی میڵتۆن کار لەسەر بێهێزکردنی بیری ئاگایی و گەیاندنی بیرۆکەکان بە بیری بێئاگایی دەکات (دزەیی، ٢٠١٥، ١٤٩-١٥١).

یەکێکی تر لە شیوەزمانە کاریگەرەکان بۆ ڕازیکردنی وەرگر، بەکارهێنانی تەکتیکەکانی (مەیگۆڕین- کاپیتیشن)ە، کە بابەتی سەرەکیی ئێمەیە، لێرەدا بەدرێژی لەم بابەتە دەدوێین.

## مەیلگۆڕین

زۆر جار قسەکەر بۆ ڕازیکردنی گوێگر پەنا بۆ ڕێگا و شێواز و تەکنیک و میکانیزمی جیاواز دەبات، بۆ ئەوەی بتوانێت بەسەر هەست و سۆز و عەقڵی وەرگردا زاڵبێت و بە ناوەڕۆکی پەیامەکەی ڕازیبکات و بتوانێت بەئاسانی و بەخێرایی ڕازیبوونەکە بگاتە ئەنجام، (مەیلگۆڕین) یەکێکە لەوانە.

ستراتیژیەتی ڕازیکردن لەسەر بیرۆکەیەکی بنچینەی بونیادنراوە، کە کاریگەری دروستکردنە لەسەر ئاڕاستەکان و پەیوەستە بە بەکارهێنانی مەیلگۆڕینە ڕازیکەرەکانەوە، بە مەرجێک لەسەر بنەمای مەعریفە و ئاگاییەکی دروست بونیادبنرێت، کاتێک پشت بە بونیادە دەروونییە کۆمەڵایەتییەکان ببەسترێت، ئەو کاتە کاردانەوەکان بە شێوەی کۆمەڵێک کردەی عەقڵی دەردەکەون و ڕەنگە دەرکەوتەی ڕەوشتیشی لەگەڵدابێت (شيبة، ٢٠٠٥، ١٤٣). لەسەر ئەم بنەمایە ئەو کاتە ڕازیکردن ڕوودەدات و دەگاتە ئەنجام، کە کاردانەوەی عەقڵی و ڕەوشتی ڕووبدات ئەگەر کاردانەوەی لەگەڵدابێت، ئەوا ڕازیکردنەکە خێراتر ڕوودەدات و قسەکەر بە ئامانجەکەی دەگات.

مەیلگۆڕین بریتییە لە کاریگەرییەکی بەهێزی کەسێک لەسەر کەسێکی تر، بە مەبەستی ڕازیکردنی و گۆڕینی مەیلی وەرگر (Corrington, 1813, 79). یان مەیلگۆڕین ئەو وریاکەرەوە و وروژێنەرانەن، کە ئاستی هاندانی نەرێنی و ئەرێنی بۆ ڕازیبوون بەو ڕاسپاردە و ئاڕاستەکردنەی لە پەیامێکی ڕازیکەرانەدا هەیە، بەرزدەکەنەوە (شيبة، ٢٠٠٥، ١٤٣). لێرەدا ڕازیکردن بەو وروژێنەر و وەڵامدانەوەیە بەستراوەتەوە، کە هانی وەرگر دەدات بۆ ئەوەی کاریگەری ئەرێنی لەسەر وەرگر هەبێت و ئاڕاستەی بکات و ئاستی ڕازیکردنەکە بەرز بکاتەوە و سەرکەوتوو بێت.

بارەکانی ڕازیکردن هەندێ جار پێویستیان بە گۆڕینی مەیلی وەرگر هەیە، جاری وایە پێویست دەکات پەیامەکە واقعی بێت، کەچی هەندێ جار پێویستە هەست و سۆز بجوڵێندرێت و هەڵچوون دروست بکرێت و جارجاریش ترساندن و تۆقاندن لە گەیاندنی پەیامەکەدا سوودی لێ دەبینرێت، ئەمانە پەیوەستن بە سروشت و پێکهاتەی ئەو جەماوەرەی، کە پەیامەکەی ئاڕاستەدەکرێت، مەیلگۆڕین بە میکانیزمێکی گرنگی دەروونی دادەنرێت، لەبەرئەوەی زۆربەی جار کاردانەوە و کردەکانی تاک پەیوەستە بە حەز و ئارەزووەکانیانەوە (محەمەد، ٢٠٢١، ١٠٩).

مەیلگۆڕین کردەیەکە هەست و سۆز دەجوڵێنێت، ئەو هەستانەی، کە سۆزیان لەگەڵە یان ترس و تۆقاندن لەنێوان نێرەر و وەرگردا بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی ڕەوشتیی دیاریکراو (شيبة، ٢٠٠٥، ١٤٣). مەیلگۆڕین بەو تەکنیکە ڕازیکەرانە دەگوترێت، کە بەپێی شێوە و باری کردەی گەیاندن بەکاردەهێنرێت، جۆراوجۆر و لاستیکییە، کردەیەکە بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر بەرانبەر بەکاردەهێنرێت لە ڕێگای بەکارهێنانی بەڵگە و سەلماندن و جوڵاندنی دەروونی و مەیل و حەزەکان، بۆ ئەوەی بیرۆکەیەک یان کردەیەک لەلای وەرگر دروستبکەن (حجاب، ٢٠٠٠، ٢٦٠).

مەیلگۆڕین میکانیزمێکی ئارگۆمێنتیە و تەکنیکێکی ڕازیکەرانەیە، بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەرانبەر بەکاردێت، پشت بە بەکارهێنانی بەڵگە و سەلماندن و جوڵاندنی دەروون و هەست و سۆز دەبەستێت ئەو هەستانەی، کە سۆز یان ترس و تۆقاندنیان لەگەڵە (محمد، ٢٠٢١، ١٠٩-١١٠). ئەمەش لەپێناوی زاڵبوونە بەسەر هەست و بیرکردنەوەی وەرگردا، بۆیە دەگوترێت مەیلگۆڕین بریتییە لە دەستبەسەرداگرتنی دەروونی وەرگر لەلایەن قسەکەرەوە بە هۆی دەربڕینەکانیەوە، بەمەش قسەکەر دەگات بە ئامانجەکەی (Fullinwider, 2004, 49). پێویستە ئاماژە بەوە بدەین

هەموو پەیامێک، یاخود هەموو وتارێک، یاخود هەموو قسەیەک ئەو کاتە پەسەند دەبێت و بە ئامانج دەگات، کە ڕازیبوون و پەسەندکردنی گوێگری لەسەر بێت و گوێگر بەو پەیامە ڕازیبێت. واتە هەموو ڕازیکردنێک پەیوەستە بە بیرکردنەوە و سۆزی وەرگر و ڕازیبوونی.

**١- مەیلگۆڕینی ئەرێنی (سۆزداری): -**

لەم جۆرە مەیلگۆڕینە پشت بە جوڵاندنی هەست و سۆزی وەرگر بە شێوەی ئەرێنی دەبەستێت، بەو پێیەی هەستەکان کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە، چونکە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی هەستەکانەوە کۆنترۆڵی کەسی بەرانبەر بکات و ڕازیبکات و بگات بە ئامانجەکەی (Cates, 2009, 3). قسەکەر ئەگەر توانی لەگەڵ گەیاندنی پەیامەکەیدا هەست و سۆزی وەرگر بجوڵێنێت ئەوا ڕازیکردن خێراتر و باشتر دەگاتە ئەنجام. لێرەدا نێرەر ویژدان و سۆز و هەڵچوونەکانی تاک بە ئامانج دەگرێت، پێویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی دەجوڵێنێت، هەستەکانی دەدوێنێت، ئەم مەیلگۆڕینە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە مرۆڤ بۆ ئەو پەیامانەی، کە بە شانازییەوە بۆ ئەم مەبەستە داڕێژراون، سۆزی دەجوڵێنێت (محەمەد، ٢٠٢١، ١١١). واتە نێرەر سۆز و هەڵچوونەکانی تاک، یاخود وەرگر دەکاتە ئامانج و بە قسە پێویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی پردەکاتەوە، بۆ ئەوەی کار لە هەست و سۆزی بکات و ڕازیبکات، چونکە دەزانرێت هەر شتێک پەیوەندی بە پێویستییەکانی تاک هەبێت و پەیوەستبن بە دەروونیەوە ئەوا کار لە هەست و سۆزی دەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە قسەکەر بە شارەزاییەوە پەیامەکەی دابڕێژێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی کار لە هەست و سۆزی وەرگر بکات و ڕازیبکات، پەیامەکەی کاریگەر و ڕازیکەر بێت.

کەواتە پرسەکە بۆئەوەیە کە ئامادەکاری بکرێت بۆ جوڵاندنی ویژدان و سۆز، سەرکەوتنی ئەم پرسە پەیوەستە بە توانای نێرەرەوە بۆ جوڵاندنی هەستی وەرگرەکان بۆئەوەی لە گوتارەکەیدا کاردانەوەکان بەدەرکەون (عبيد،٢٠١٠، ٦٦). ڕازیکردنی جەماوەر کاتێک دێتەئاراوە، کە دەروونی جەماوەر هەژاوە، نێرەر لەو کاتەدا دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ بابەتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دەوروبەرە بکات، لەژێر ڕۆشنایی ئەمانە گوتارەکەی دادەڕێژێت و شێوازی هەڵچوونەکانی دەبینێتەوە، بەم شێوەیە نێرەر خۆی دەگەیەنێتە ئەو شتانەی، کە دەروونی وەرگری پێ هەڵدەچێت، بە مەبەستی جووڵاندن و بزواندنی سۆزی، ئەو کاتە بە شێوەیەک بەبێ ئەوەی وەرگر ئاگاداربێت دەیخاتە نێو ئەو پرسەوە و دەیکات بە لایەنێک لە پرسەکە، ئەگەر بێلایەنیش بێت، بەڵام سۆزی لەگەڵ پرسەکەیە و بەرگریی لێدەکات (هەمان سەرچاوە، ٦٦). لەسەر ئەر بنەمایە (باتۆس) دەڵێت: دەشێت کردەی ڕازیکردن ئەو کاتە ڕووبدات، کە وتارەکە هەست و سۆزی وەرگر بجوڵێنێت، چونکە ئەو کاتەی، کە دڵخۆش و ئاسوودەین بڕیارەکانمان جیاوازە لەو کاتانەی، کە دڵتەنگ و بێزاری ن (ارسطو، ١٩٨٦، ٣٠). ئەگەر وەرگر لە بارێکی دەروونیی باشدابێت ئەوا ڕازیکردنەکە ئاسانتر دەبێت، بەڵام ئەگەر لە بارودۆخێکی دەروونیی خراپدا بێت، ئەوا ڕازیکردنەکە گرانتر دەبێت. ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە دەروونییانەوە دەبێت کە لە وەرگردا ڕوودەدات، چونکە ئەو گۆڕانکاریانە پەیوەستن بە درکپێکردنی قسەکەر بەو شتانەی لە دەورووبەریدا هەن و گرنگن لە لای، بۆیە دەبێت قسەکەر بتوانێت دەست بەسەر هەست و سۆزی جەماوەردا بگرێت، بۆئەوەی ڕازیکردنەکەی کاریگەرتر و باشتر بە ئەنجام بگات.

**٢- مەیلگۆڕینی نەرێنی (ترساندن):**

یەکێکی تر لە جۆرەکانی مەیلگۆڕین، مەیلگۆڕینی نەرێنی (ترساندن)ە، تێیدا قسەکەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی ترسەوە وەرگر بە داواکەی ڕازیبکات و کار لە هەستی ترس لای وەرگر بکات و لە ڕێگەیەوە هەوڵی ڕازیکردنی بدات. ئەمەش یەکێکە لە میکانیزمە گرنگەکانی ڕازیکردن، ترس لە دڵی جەماوەردا دەچێنێت و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەلایان بەجێدەهێڵێت، ئەمە تەنیا بۆ ئەوە نییە ترس و دڵەڕاوکێ بڵاوبکاتەوە، بەڵکو شیکردنەوە و ڕاڤەی ڕوداوەکان دەکات و ڕاستییەکان بە شێوەیەکی بابەتی دەخرێنەڕوو، بەڵام لەسەر بنەمای جوڵاندنی هەستی ترس لای وەرگر، بە شێوەیەک وای لێ دەکات هەست بکات، کە ژیانی لە مەترسیدایە (شيبة، ٢٠٠٥، ١٤٥).

مەیلگۆڕینی نەرێنی بریتیە لە وروژاندنی ترسی جەماوەر (وەرگر) بە کاریگەریی نەرێنیی مەسەلەیەک یان بابەتێک بە ئامانجی گۆڕینی ئاڕاستەیان، ئەمەش پەیامێکی ڕازیکەرانەیە، ئەویش بە کارکردنە سەر لایەنی ترس، وەکو کاردانەوەی

هەڵچوون، لە هەمبەر ئەوەی هەڕەشە لە ژیان و تەندروستیی مرۆڤ دەکات و زیانی پێدەگەیەنێت (هەمان سەرچاوە، ١٤٤). واتە نێرەر لەگەڵ گەیاندنی پەیامەکەیدا هەوڵی وروژاندنی هەستی ترس لای وەرگر دەدات و بە کاریگەریی نەرێنی مەسەلەیەک یان بابەتێک هەوڵی گۆڕینی ئاراستەی وەرگر دەدات، بەو جۆرەی خۆی پێی پەسندە.

مەیلگۆڕینی ترساندن لەسەر ئەم گریمانانە کار دەکات:

- ئەم مەیلگۆڕینە سەرەتا تاک دەخاتە دڵەڕاوکێوە.
- ئەم دڵەڕاوکێیە وای لێ دەکات هەست بکات لە مەترسیدایە.
- وەرگر بەدوای ئەو شتانەدا دەگەڕێت، کە ئەو مەترسییەی لێ دوورخاتەوە.
- کاردانەوەی بۆ هەموو ئەو شتانە دەبێت، کە ئەو مەترسییەی لێ دوور دەخەنەوە (ختاتنە و ابوسعد، ٢٠١٥، ٧٠).

مەیلگۆڕینی نەرێنی چەند پلەیەکی هەیە، کە لە هەریەکەیاندا ڕادەی مەترسییەکە جیاوازە، پلەکان بریتین لە:

**أ- ئاگادارکردنەوە:**

زۆر جار لە سەرەتادا ترساندن لەسەر شێوەی ئاگادارکردنەوەیەک خۆی دەنوێنێت، دەیەوێت ئەو زیانانەی ڕوونبکاتەوە، کە لە ئەنجامی وەڵامنەدانەوەی مەیلگۆڕینەکە دروستدەبن، بەم شێوەیە کاریگەرییەکە بە شێوەی کاردانەوەیەکی دەروونی دەبێت و زۆر بەهێزنابێت. (محەمەد، ٢٠٢١، ١٢٠). بۆ نموونە:

ڕووی قسەم بەتایبەتی بۆ گەنجانە، ئێوە (گەنجان) دەبێت بە تایبەتی گەنجان ئاگاداربن، ئاگاداربن بە قسە و جوڵەی بێ ناوەڕۆک هەڵنەخەڵەتێن. (لە وتاری نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتیی کوردستان)

**ب- هۆشیارکردنەوە:**

پلەی دووەمی مەیلگۆڕینی ترساندنە، لە ئاگادارکردنەوە توندترە، بەڵام ناگاتە ئاستی ترس و دڵەڕاوکێی ڕاستەقینە (هەمان سەرچاوە، ١٢٠). بۆ نموونە:

خەڵکی کوردستان وریابن، دەنگ بە یەکێک نەدەن بتانفرۆشێت. (لە وتاری مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتیی کوردستان)

**پ- ترساندن: -**

پلەیەک دوای هۆشیارکردنەوە، ترساندن دەستپێدەکات، مەیلگۆڕینێکی کاریگەرە، بۆ پێدانی پەیامی قسەکەر و وەڵامدانەوەی خێرا، بە شێوەیەک قسەکەر دەزانێت، کە وەرگر بە شێوەی دارشتنەکەی ڕازیدەبن و کاریگەری لەسەریان دەبێت، بەپێی تیۆری (کردەی هۆکاری) پێش ئەوەی مەیلگۆڕینی ترساندن بۆ جەماوەر بنێردرێت، دەبێ ئاراستە و بیرکردنەوەیان بزانرێت، بۆئەوەی کاردانەوەکان دیاریبکرێن، جگە لە پێوەرە خودییەکان، کە گرنگیی خۆیان لەم پەیامانە هەیە(حانون، ٢٠٠٧-٢٠٠٨، ٤٢). واتە لەم جۆرەی مەیلگۆڕینی ترساندندا، ئەگەری ڕازیبوون زیاترە لەچاو دوو کردەکەی تر، چونکە تاکو ڕێژەی ترساندن زیاتر بێت، ئەوە کاریگەریی زیاتر دەبێت و ڕازیبوون خێراتر ڕوودەدات، بۆ نموونە:

-مەترسیی تیرۆر هێشتا هەر ماوە. (لە وتاری مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتیی کوردستان)

**ت- تۆقاندن:**

بەرزترین پلەی مەیلگۆڕینی ترساندنە کاردانەوەکان لە ترسی دەروونییەوە دەگۆڕێن بۆ کردە و ڕەنگە ڕووداوەکان بەرەو لایەکی تر برۆن، لێرەدا ئاراستەی بیرکردنەوەی نێرەر بە تەواوی دەچەسپێت (محەمەد، ٢٠٢١، ١٢١). واتە لێرەدا بەهۆی بەرزیی ترسەکە لای وەرگر و کاردانەوەی لەسەر لایەنی دەروونی دەتوانرێت دەست بەسەر لایەنی دەروونی و بیرکردنەوەی وەرگردا بگیرێت و ڕازی بکرێت بە ئامانجەکەی و بیرکردنەوەکانی بە تەواوی بەسەردا بچەسپێنرێت، بەڵام لەوانەیە ترسی زۆر ببێتە هۆی زۆربوونی چالاکیی عەقڵی تاک و شێوەی بیرکردنەوەی بشێوێنێت و نەزانرێت وەرگر تا چەند پەیامەکەی پێ گەیشتووە، ڕەنگە وەرگر بەدوای چارەسەری تردا بگەڕێت بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێیەکەی و زۆرجار گومان دەخاتە سەر ڕاستیی ڕووداوەکان، هەستی ترس بەسەریدا زاڵدەبێت، وەرگر متمانەی بە شتەکان نامێنێت (حانون، ٢٠٠٧-٢٠٠٨، ٤٢). واتە لێرەدا بە هۆی زۆری ڕێژەی ترسەکە وەرگر بیرکردنەوەی دەشێوێت و لە پەیامەکە ناگات و بە دوای چارەسەردا دەگەڕێت، بۆئەوەی دڵەڕاوکێیەکەی کەمبکاتەوە و گومانی لەسەر

ڕووداوەکان دەبێ و ئەمەش بە هۆی ئەوەی هەستی ترسی بەسەردا زاڵ بووە، متمانەی بە شتەکە نامێنێت، بەڵام بەناچاری بە هۆی ترسەوە، کە لە دەروونی دروستبووە وەرگر بە داوای قسەکەر ڕازی دەبێت، بێ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی بێت، بەڵکو بە هۆی ترسەوەیە. هەر لەبەر ئەوەیە ئەم جۆرە مەیلگۆڕینە هەندێجار بە جۆرێکی نەرێنی دادەنرێت، لەبەر کاردانەوەکانی دوای خۆی، زۆربەی جار کاردانەوەکان زۆر مەترسیدار بوونە و ئەنجامی باشی لێ نەکەوتۆتەوە (محەمەد، ٢٠٢١، ١٢٢). واتە مەرج نییە هەموو جارێک ئەنجامێکی ئەرێنیی هەبێت، بەڵکو هەندێ جار بە جۆرێکی نەرێنی دادەنرێت و کاردانەوەیەکی مەترسیداری دەبێت و ئەنجامی باشی لێ ناکەوێتەوە. نموونەی تۆقاندن:

- ئەگەر نەڕۆن بۆ دەنگدان ئەو کات چوار ساڵی تەمەنتان دەفەوتێت ژیانێکی ناخۆش چاوەڕێتان دەکات. (وتاری شاسوار عەبدولواحید سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ)

### ٣- مەیلگۆڕینی عەقڵانی: -

یەکێکی تر لە جۆرەکانی مەیلگۆڕین بریتییە لە مەیلگۆڕینی عەقڵانی، کە هەندێک جار بە جۆرێکی سەربەخۆ دەستنیشانکراوە و باسکراوە. ئەم جۆرەیان هەروەک بە ناوەکەی دیارە بۆ ڕازیکردنی وەرگر کار لەسەر عەقڵی وەرگر دەکات. مەیلگۆڕینی عەقڵانی جەخت لەسەر پەیوەندیکردن بە عەقڵ دەکات لە ڕێگەی بەکارهێنانی لۆجیک و بەڵگەی واقیعی (صادق- العامري، ٢٠٢١، ٦٠). لەم جۆرە مەیلگۆڕینەدا نێرەر لە ڕێگەی کارکردنە سەر عەقڵی وەرگر لە ڕێگەی بەکارهێنانی لۆجیک و بەڵگەی واقیعی و گرنگیدان بە بەڵگەی لۆجیکی لە پەیوەندیکردنندا هەوڵدەدرێت دەست بەسەر عەقڵی وەرگردا بگرێت و بە ئامانجەکەی بگات و ڕازیکردن ڕووبدات.

مەیلگۆڕینی عەقڵانی پشت بە دواندنی عەقڵی وەرگر دەبەستێت، ئارگۆمێنت و بەڵگەی لۆجیکی پێشکەشدەکات، دوای گفتوگۆ و دەرخستنی لایەنە جیاوازەکانی، بیرورا دژەکان دەڕەوێنێتەوە، زانیاریی نوێ و واقعی و، ژمارە و ئامار پێشکەشدەکات (العادلي، ٢٠١٧، ٣٩٤). لەسەر ئەو بنەمایە ئەم جۆرە مەیلگۆڕینە بریتییە لە بەکارهێنانی لۆجیک و بەڵگەی بەرجەستە بۆ پشتگیریکردنی پەیامەکە، واتە پشت بە (بەڵگەی زانستی، ئەزموونی کردەیی، داتا و ژمارە، نموونەی ڕاستەقینە) دەبەستێت، ئەم شێوازە بانگەشە بۆ مێشک و بیرکردنەوەی لۆجیکی دەکات بۆ قەناعەتپێکردنی بەرانبەر (فوزي، ٢٠١٥، ٢١). واتە بە کاریگەریی لۆجیک و توانای عەقڵی و داتا و ژمارە مامەڵە لەگەڵ وەرگردا دەکرێت، هەمیشە عەقڵ و لۆجیک و داتا و ژمارە کاریگەریی زۆر باشیان لەسەر ڕازیکردن هەیە، چونکە سروشتی مرۆڤ وایە کە مامەڵە لەگەڵ بەڵگە و لۆجیک و بەڵگەی عەقڵیدا دەکات.

مەیلگۆڕینی عەقڵانی بە هۆی ئەوەی پشت بە بەڵگەی عەقڵی و لۆجیکی دەبەستێت وا دەکات، کە متمانەی زیاتر لای وەرگر دروستبکات و بیرۆکەیەکی تەواو بە وەرگر دەدات و دەرفەت بە وەرگر دەدات خۆی بڕیاربدات، ئەمەش کاریگەریی زیاتری لەسەر قەناعەتی وەرگر هەیە (یوسف، ١٩٩٠، ٢٤-٢٥). واتە بۆئەوەی بتوانرێ دەروونی وەرگر ڕازیبکرێ و دەست بەسەر دەروون و عەقڵی وەرگردا بگرێت، ئەوا هەوڵی ڕاکێشانی بیر و هۆشی وەرگر دەدات لە ڕێگەی خستنەڕووی داتا و بەڵگەی سەلمێنراو، تاکو بتوانێت لەو ڕێگەیەوە ڕازیکردنەکە خێراتر بگاتە ئامانج و بێتەیاراوە.

مەیلگۆڕینی عەقڵانی لە زۆر بواردا بەکاردێت ، وەک ڕاگەیاندن، پەروەردە، سیاسەت، بازرگانی، توێژینەوەی زانستی (هەمان سەرچاوە، ٢٤-٢٥)، بابەتی سەرەکیی ئێمە وتاری سیاسییە، ئەم جۆرە وتارە بە شێوەیەکی بەرچاو پشت بە مەلیگۆڕین بە هەموو جۆرەکانیەوە دەبەستێت و مەیلگۆڕینی عەقڵانیش، کە یەکێکە لە جۆرەکانی مەیلگۆڕین و وتاربێژ یان کەسی سیاسی بە شێوەیەکی بەرچاو پشتی پێ دەبەستێت، بۆئەوەی بتوانێت دەست بەسەر عەقڵی جەماوەر، یاخود وەرگردا بگرێت، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو داتا و بەڵگە عەقڵانییانە لە وتارەکانیاندا دەیانخاتەڕوو.

بەم پێیە لەسەر بنەمای جۆرەکانی مەیلگۆڕین دەتوانین دوو بنەمای سەرەکی دیاریبکەین، کە مەیلگۆڕین پشتیان پێ دەبەستێت:

1- جوڵاندنی هەست و سۆز، ئەمیش بە دوو جۆر دەکرێت:

أ- بە شێوەی ئەرێنی(مەیلگۆڕینی ئەرێنی/ سۆزداری).

ب- بە شێوەی نەرێنی(مەیلگۆڕینی نەرێنی).

٢- خستنەڕووی بەڵگە و داتا(مەیلگۆڕینی عەقڵانی).
نێرەر بۆ جوڵاندنی هەست و سۆز پشت بە چەند تەکنیک و میکانیزمێک دەبەسێت بۆ ڕازیکردنی بەرانبەر، کە ئەمانەی خوارەوەن (فایزة، ٢٠١٠، ٥٢-٥٧):
١- بەکارهێنانی دروشم و سیمبوڵی سیاسیی و نەتەوەیی و ئاینیی. . . هتد.
٢- بەکارهێنانی هۆکارە زمانییەکانی وەک ڕەوانبێژی.
٣- پەسەندکردن و بە باشتر زانینی شتێک لە چاو شتێکی تردا.
٤- پشت بەستن بە سەرچاوەی باوەڕپێکراوی وەک خەڵکی خاوەن پایەی بەرزتر، سەرچاوە و کتێبی پیرۆز، ڕای زۆرینە.
٥- جەختکردنەوە لەسەر شتێک.

## 2- میکانیزمەکانی مەیلگۆڕین لە نموونەی وتاری سیاسیی کوردیدا

### سەرەتا:

زاراوەی (وتار) لە زمانی کوردیدا بۆ دوو مەبەست بەکاردێت، ئەویش (ئەو وتارەی کە پێشکەش دەکرێت، وەک وتاری ئاینی یان سیاسی)، لە بەرانبەر ئەمەدا لە زمانی ئینگلیزیدا (speech) بۆ وتاری ئاسایی و (sermon) بۆ وتاری ئاینی بەکاردێت. لە زمانی عەرەبیدا (خطاب) یان (كلمة) بۆ وتاری ئاسایی و (خطبة) بۆ وتاری ئاینی بەکاردێت. هەروەها واتای دووەمی (وتار) لە زمانی کوردیدا بۆ ئەو ژانرەی ڕاگەیاندن بەکاردێت، کە وەکو لێکۆڵینەوەیەکی بچووککراوە باس و شیکردنەوەی بابەتێکە و لە ڕۆژنامە و سایتەکاندا بڵاودەکرێتەوە. واتە بەرانبەر زاراوەی (Article)ی ئینگلیزی و (مقالة)ی عەرەبیش بەکاردێت. جگە لەوە بەرانبەر (Essay) بەکاردێت، کە واتای وتاری ئەدەبی دەگەیەنێت (عصاف، ٢٠٢٢، ١٤٧). ئێمە لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان وتاری پێشکەشکراوە. واتە گۆکراوە.
(ئەفلاتون) دەڵێت: وتاربێژی، وا لەو کەسانە دەکات، کە لێهاتوون لە قسەدا و قسەکانیان دەربڕی بیریانە، بە کەسانی بەهێز دێنە پێش چاو، ئەم بەهێزییەیان لە وتاردا پشتیوانییان لێ دەکات، خەڵک پێیان سەرسام ببن، هەر ئەمەش وا لەسیاسییەکان دەکات بگەنە دەسەڵات (طاليس، ١٩٨٠، ١٥).
لە وتاری پێشکەشکراودا کەسی قسەکەر لەگەڵ خەڵکیدا دەدوێت بۆ باوەڕپێکردنیان (انيس، ٢٠٠٤، ٢٤٣). (ئیبن ڕوشد) سەبارەت بەم جۆرە وتارە دەڵێت: وتاربێژی هەوڵی ڕازیکردنە، هەر کەسێک یان هەر ڕەگەزێک ئەنجامی بدات (ابن رشد، ١٩٦٧، ٢٩).
بەگشتی لە وتاربێژیدا نێرەر پێویستی بە لێهاتوویی و شارەزایی و پەیڕەوکردنی هەندێک بنەمای وا هەیە، کە بتوانرێت بەهۆیانەوە کاریگەریی زیاتر لەسەر وەرگر دروستبکرێت. بە جۆرێک چەندە شارەزایی و زیرەکیی وتاربێژ زیاتر بێت، هەروەها وتارەکە زیاتر بەهێز بێت، ئەوا ڕادەی ڕازیکردنی جەماوەر زیاتر دەبێت و ئاسانتر دەبێت.
بابەتەکانی، یاخود مەبەستەکانی وتار جۆراوجۆرن، وەک بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، وەرزشی، هونەری... هتد. بابەتەکانی لە ژیان و کەتوارەوە وەردەگیرێن و بە شێوە زمانێکی کەتواری و ئاسایی دەنوسرێن. ئەو وتارەی هەڵگری ناوەرۆکێکی سیاسییە دەبێتە (وتاری سیاسی).
وتاری سیاسی بە جۆرێکی گرنگی وتار دادەنرێت، چونکە وەک دەزانرێت سیاسەت کرۆکی کۆمەڵگایە و بەشێکی دانەبڕاوە لە کۆمەڵ و بە ژیانی مرۆڤەوە بەستراوەتەووە و کۆمەڵگەش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی سیاسەت و سیاسیەکانەوە. سیاسییەکان لە بۆنە جیاوازە سیاسییەکاندا هەوڵدەدەن لە ڕێگەی وتاری سیاسییەوە بیروڕا سیاسییەکانیان بە جەماوەر بگەیەنن و ئاراستەی بیرکردنەوەیان بە ویستی خۆیان بگۆڕن.
وەک لە پێشەکیدا ڕوونکراوەتەوە، کەرەستەی توێژینەوە بریتییە لە وتارە سیاسییەکانی کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠٢٤). ئێمە لێرەدا بەهۆی سنورداریی قەباری توێژینەوە تەنیا یەک سامپڵ لە سامپڵەکانی ناو (ماستەرنامە)کە دادەنێین.

### میكانیزمەكانی مەیلگۆڕین لە وتاری كوردیدا

میكانیزمەكانی مەیلگۆڕین لە وتاری (مەسعود بارزانی) سەرۆكی پارتی دیموكراتیی كوردستان، هەولێر، ٢٠٢٤/١٠/١٥، بەستەری وتارەكە لە پەراوێز دادەنێین:[1]

١- (**هەڤاڵانی بەڕێز، خوشك و برایانی خۆشەویست، جەماوەری تێكۆشەر و خۆڕاگر، هەمووتان بەخێربێن**)(گ١): لەم ڕستەیەدا وشەكانی (تێكۆشەر، خۆڕاگر) دروشمی سیاسین.

٢- (**ئامادەبوونتان جێگەی شانازییە، ئومێدبەخشە، هێزبەخشە بۆ ئێمە**)(گ٢): لەم ڕستەیەدا وشەكانی (شانازی، ئومێدبەخش، هێزبەخش) دروشمی سیاسین.

٣- (**شانازییەكی گەورەیە گەلی كوردستان چۆتە قۆناغێك گەلی كوردستان بە هەڵبژاردن وە بەڕەیی خۆی شێوازی حوكمڕانی لە هەرێمی كوردستان دەستنیشان دەكات**)(گ٤): وشەكانی (شانازییەكی گەورە) دروشمی سیساسییە، هەروەها هونەری ڕەوانبێژی-هەواڵ لەڕستەكەدا هاتووە، هەواڵەكەش بووە بە هاندان، هانی جەماوەری داوە لە ڕێگەی شانازیكردن بە بەرەوپێش چوونەكانی گەلی كوردستان و گرنگیدان بە هەڵبژاردن.

٤- (**ئەمە سەركەوتنێكی مەزنە، دەستكەوتێكی مەزنیشە**)(گ٥): لەم ڕستەیەدا (سەركەوتنێكی مەزن، دەستكەوتێكی مەزن) دروشمی سیاسین.

٥- (**ئەم هەڵبژاردنە دەبوایە دوو ساڵ پێش ئێستا كرابا، بەڵام هەندێ لایەن خۆیان لێ دزییەوە، كۆسپیان دروستدەكرد، تا بە خەیاڵ گەیشتنە ئەو هەدەفەی، كە بە هەڵبژاردنێكی پێشوەخت دیزاینكراو پارتی دەشكێنن**)(گ٧): هونەری ڕەوانبێژی - هەواڵ-ی تێدایە، تیایدا نەیاران تاوانباردەكات، بە خۆدزینەوە و هەوڵی دواخستنی پەرلەمان.

٦- (**لای هەمووكەس ڕوونە پارتی خاوەنی بیرۆكەی هەڵبژاردنە لە كوردستان**)(گ٨): میكانیزمی جەختكردنەوەی بەكارهێناوە، لە ڕێگەی بەكارهێنانی ڕستەی (لای هەموو كەس ڕوونە) جەختی لەسەر ئامانجەكەی كردۆتەوە. هەروەها ڕەوانبێژی (هەواڵ)ی تێدایە، پیاهەڵدانی حیزبەكەی خۆیەتی، كە خاوەنی بیرۆكەی هەڵبژاردنە و لەگەڵ دیموكراسیدایە.

٧- (**لە نەورۆزی ڕاپەڕینی ساڵی١٩٩١ لە شاری كۆیە من داوامكرد دەبێت هەڵبژاردن بكرێت لە كوردستان**)(گ٩): میكانیزمی سەرچاوەی پاڵپشتی بەكارهێناوە، ڕوداوی مێژووییە، لە هەمان كاتدا ئەمەم دەبێتە (گەوانبێژی- هەواڵ)، هەواڵەكەش پیاهەڵدانی خۆی و حیزبەكەیەتی.

٨- (**بۆ ئەوەی لە شەرعیەتی شۆڕشگێڕییەوە بچینە قۆناغی شەرعیەتی دەستوری و میللەت ڕەیی خۆی بدات، هەڵبژاردن بكرێ، میللەت ڕەیی خۆی بكات**)(گ١٠): لەم ڕستەیەدا وشەكانی (شەرعیەتی شۆڕشگێڕی، شەرعیەتی دەستووری) دروشمی سیاسین.

٩- (**شوكر بۆ خوای گەورە و بۆ ئێوە لە یەكەم هەڵبژاردنەوە تاكو ئاخیر هەڵبژاردن پارتی هەر یەكەمە و لەمەودواش هەر یەكەم دەبێ**)(گ١١): لەم ڕستەیەدا (**شوكر بۆ خوای گەورە**) دروشمی ئاینیە، ئەوە دەگەیەنێت، كە باوەڕیان بە خودا هەیە و پەیڕەوكەری ئاینی ئیسلامن. هەروەها میكانیزمی سەرچاوەی پاڵپشتیی بەكارهێناوە، كە ڕوداوی مێژووییە، ئەو ڕوداوەش (هەواڵ)ە و هەواڵەكەش پیاهەڵدانی حزبەكەیەتی. لە ڕستەكەدا هەردوو وشەی (یەكەم: ئاخیر) هونەری (دژیەك)یان دروستكردووە. جگە لەوانە دوو جار بە هۆی وشەی (هەر)ەوە وتاربێژ (جەخت) لە بیرۆكەكانی دەكاتەوە.

١٠- (**بەڕێزان، بەڕێزان، سەرەڕای ئەوەی سنوورشكێنیی هەندێ لایەن و بەكارهێنانی زمانی زبر و وشەی نەشیاو، بەڵام ئێمە تەحەمولمان كرد**)(گ١٢). (**سوپاسی هەموو دامودەزگاكانی پارتی دەكەم، كە نەهاتنە ناو ئەو ئاستە نزمەی، كە هەندێ كەس دەیانویست پارتی ڕاكێشن بۆی**)(گ١٣): لەم دوو ڕستانەدا میكانیزمی بەراوردكردنی بەكارهێناوە، بەراوردی حیزبەكەی خۆی كردووە بە حیزبەكانی تر و بە باشتری زانیوە لە چاو حیزبەكانی تر. جگە لەوە سێ (هەواڵ)ی تێدایە، یەكیان زەمكردن و تۆمەتباركردنی نەیارانە، بەوەی سنووریان شكاندووە و زمانیان زبرە، دووانەكەی تر پیاهەڵدانی خۆیانە، بەوەی (تەحەمولیان كردووە، وەك نەیارەكانیان زمانی زبر نەبووە و سنوورشكێنییان نەكردووە).

١١- (**كاتێك هەندێ بڕیار دەرچوون لە بەغدا بە چاوساغی هەندێ لایەنی ناوخۆی هەرێم بۆ هەڵبژاردنێكی پێشوەختی**

[1] https://www.facebook.com/bazplus/videos/1536003240392989/?fs=e&s=TIeQ9V&mibextid=wwXIfr&rdid=2HF0tvIm4lCt6COH#

**دیزاینکراو پارتی ڕازینەبوو قبووڵی نەکرد)(گ١٤)**: ڕەوانبێژیی (هەواڵ)ە، لە ڕستەکەدا دوو هەواڵ هاتووە، یەکیان تاوانبارکردنی نەیارەکانە، بەوەی چاوساغییان بۆ بەغدا کردووە، لە هەوڵی فڕوفێڵدا بوونە، دووەمیان پیاهەڵدانە و ئەوەیە، کە حیزبەکەی ئەوان ڕێگەیان بەوە نەداوە.

١٢- **(هەڤاڵان ئەرکی سەرشانی هەموو ئەندامێکی پارتییە، هەموو لایەنگرێک، هەموو دۆستێک، هەموو کوردێکی دڵسۆز، هەموو تاکێکی هێزەکانی ئەمنی، ڕۆژی ٢٠ی ئۆکتۆبەر بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان خۆتان و کەسوکارتان دەنگ بە لیستی١٩٠ بدەن، بۆ ئەوەی کوردستان لە دەستێکی ئەمیندا بمێنێت)**(گ١٧): لەم دوو ڕستەیەدا هەریەکە لە (دەستێکی ئەمین، کوردێکی دڵسۆز) دروشمی سیاسین.

جگە لەوە وتاربێژ بە خستنەڕووی (تایبەتی)ی خۆیان، کە (دەستی ئەمین)ن، هونەرێکی ڕەوانبێژی و مەیلگۆڕینی نەرێنیشی بەکارهێناوە، بەوەی ناڕاستەوخۆ بە وەرگران دەڵێت "ئەوانی تر دەستی نائەمینن" هەموو ئەمانە پێکەوە دەبن بە (بەراوردکردن)یش لە نێوان خۆیان و ئەوانی تردا.

١٣- **(پەرلەمانی داهاتوو ئەرکێکی قورسی لە سەرە، بۆ ئەوە پێویستی بە خەڵکێکە کەوا دڵسۆزبن بۆ گەل و نیشتیمان، دڵسۆزبن بۆ ئەم هەرێمە، وەفاداربن بۆ خوێنی شەهیدان)**(گ١٨): لەم ڕستەیەدا وشەکانی (دڵسۆز١، گەل و نیشتیمان، دڵسۆز٢، وەفادار، خوێنی شەهیدان) دروشمی سیاسین. جگە لەوە وتاربێژ بە دووبارەکردنەوەی (دڵسۆزبن... دڵسۆزبن) دەیەوێت (جەخت) لەوە بکاتەوە، کە "کاندیدانی ئەوان دڵسۆزن".

١٤- **(یەکەمین کاری پەرلەمانی داهاتوو نووسینی دەستوورە، هەموارکردنی هەندێ یاسایە، دەرکردنی هەندێ یاسای دیکەیە، سڕینەوەی ئەو پلان و بڕیارانەی، کەوا لە دژی هەرێم دەرچوونە و ویستیان قەوارەی هەرێم نەهێڵن و تێکیبدەن)**(گ١٩): لەم ڕستەیەدا هەریەکە لە (دەستوور، یاسا١، یاسا٢، قەوارەی هەرێم) دروشمی سیاسین. جگە لەوە مەیلگۆڕینی نەرێنییە، چونکە وتاربێژ جەماوەر لە مەترسیی (نەهێشتن و تێکدانی قەوارەی هەرێم) ئاگاداردەکاتەوە.

١٥- **(نا وەڵڵا ناتوانن)**(گ٢٠): ئەم ڕستەیە دروشمی سەرەکیی (پارتی دیموکراتیی کوردستان) بوو بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان(٢٠٢٤).

١٦- **(هەڤاڵانی بەڕێز، خواست و ویستی پارتی دیموکراتیی کوردستان دەبێتە بەرنامەی کابینەی داهاتوو، خزمەتگوزاری زیاتر، ئەمن و ئاسایشی زیاتر، بارسووککردنی سەرشانی خەڵکی کوردستان)**(گ٢١): لەم ڕستەیەدا (خواست و ویستی کوردستان، خزمەتگوزاریی زیاتر، ئەمن و ئاسایشی زیاتر، بارسووککردن) دروشمی سیاسین.

١٧- **(وە دوای هەڵبژاردن نابێ ئەم فەوزایە بمێنێ، نابێ ئەم فەوزاییە بمینی)**(گ٢٢): ئەمە لە لایەکەوە دروشمی سیاسییە، لە لایەکی ترەوە (جەختکردن بە دووبارەکردنەوەی ڕستە)ی تێدایە.

١٨- **(لە کوردستان یەک هەرێم، یەک پەرلەمان، یەک حوکمەت، یەک هێزی پێشمەرگە)**(گ٢٣): هەریەکە لە (یەک هەرێم، یەک پەرلەمان...) چوار دروشمی سیاسین.

١٩- **(کۆتایی هێنان بە هاوپەیمانی مافیا و تیرۆر، لە هەمووشی گرنگتر کۆتایی هێنان بە بازرگانی و دروستکردنی مادەی هۆشبەر، کە گەورەترین مەترسییە لەسەر ئایندەی ئەم میللەتە وە گەورەترین خیانەتە بەرانبەر ئەم میللەتە دەکرێت)**(گ٢٤): ئەم ڕستەیە دوو دروشمی سیاسیی تێدایە؛ ئەوانیش (**کۆتاییهێنان بە هاوپەیمانیی مافیا و تیرۆر، کۆتایی هێنان بە بازرگانی و دروستکردنی مادەی هۆشبەر**)، جگە لەوە دوو ترساندنی تێدایە(مەیلگۆڕینی نەرێنی)، ئەویش ترساندنە بە (مافیا و تیرۆر)، هەروەها ترساندن بە (مادەی هۆشبەر). بێگومان خستنەڕووی ئەم ترسەش لەپێناوی ڕازیکردن و هاندانە بۆ دەنگدان پێیان.

٢٠- **(دروشمی پارتی دروشمی حیزبێکە، کە هەست بە مەسئولیەتی مێژوویی خۆی دەکات بەرانبەر گەل و نیشتیمان)**(گ٢٦): لەم ڕستەیەدا (مەسئولیەتی مێژوویی) دروشمی سیاسییە. ڕستەکە (گەوانبێژی- تایبەتی)ی حزبی (پارتی)یشی تێدایە، بە جۆرێک وێنەیەکی ئەرێنیی حیزبەکە پیشاندەدات.

٢١- **(ئارامی و ئاوەدانی، پێکەوەیی و خۆڕاگری، پارتی وەسیلەیە بۆ خزمەتی کورد و کوردستان)(گ٢٧)**، **(با تەماشای دروشمی لایەنەکانی تریش بکەین)**(گ٢٨)، **(هەندێکیان لادانە و نەهێشتنە و دەرکردنە و بە خوا خۆشیان دەزانن، کەپێیان**

**ناکرێ، ناتوانن**)(گ٢٩): لە (گ٢٧) وشەکانی (ئارامی، ئاوەدانی، پێکەوەیی، خۆڕاگری) دروشمی سیاسین. جگە لەوە (گەوانبێژی- تایبەتی)ی تێدایە، کە پیاهەڵدان و وەسفی حیزبەکەیەتی. لە بەرانبەردا لە (گ٢٩) (تایبەتی)ی خراپی حیزبەکانی تری پیشانداوە. پاشان بە کۆی ئەو سێ ڕستەیە میکانیزمی بەراوردکردنی حیزبەکەی خۆی و حیزبەکانی تری تێدایە، لە ڕێگەی ئەو ڕستانەوە لایەنی باشی حیزبەکەی و لایەنی خراپی حیزبەکانی تری بەراوردکردووە، حیزبی خۆی بە باشتر پیشانداوە لەچاو حیزبەکانی تر. ئەمەش جەماوەر هاندەدات بە هەڵبژاردنی لایەنی خاوەن "(تایبەتی)ی باش" بەپێی وەسفی وتاربێژ.

٢٢- **(قسەی زل و وەعدی بێ وەفا ئاسانە، بەڵام شەرت عەمەلە)**(گ٣٠)، **(پارتی حیزبی کردارە نەک قسە)**(گ٣١): لە هەردوو ڕستەکەدا (قسە) و (عەمەل)، (کردار و قسە) لەم دەوروبەردا دەبن بە هونەری (دژیەک)، چونکە واتای پێچەوانەیان تێدایە. هەروەها هونەری (گەوانبێژی- تایبەتی) بەکارهاتووە، تایبەتییەکەش وەسفێکی ئەرێنیی پارتییە.

٢٣- **(تەماشای کابینەی، کە پارتی سەرۆکایەتی کردووە هەر لە ٩٢-ەوە تاوەکو ئەمڕۆ لە خزمەتگوزاری زیاتر هیچی دی نەبووە)**(گ٣٢): سەرچاوەی پاڵپشتیە، بەڵگەی مێژوویی بۆ قسەکانی هێناوەتەوە، لە پێشتر ئەو خزمەتەی لەلایەن حیزبەکەی پێشکەش بە خەڵکی کوردستان کراوە. لە هەمان کاتدا ئەو ڕوداوە دەبێتە (هەواڵ)ێک، کە وەسفێکی ئەرێنیی حیزبەکەی دەکات. هەروەها وشەی (خزمەتگوزاری) دروشمێکی سیاسییە.

٢٤- (گ**استە هەڵەش کراوە وە ئەوەی ئیش نەکات، هەڵە ناکات، ئەوەی کار بکات هەڵەش دەکات**)(گ٣٣): لێرەدا دوو هەوڵی ڕازیکردن هەیە؛ یەکەمیان (هەواڵ)ێکە، کە گەواهی ئەوە دەدات، پارتی کاری بۆ خەڵک کردووە، لە هەمان کاتدا (هەواڵ)ەکە دەبێتە (پاکانە)یەک بۆ چاوپۆشین لە هەڵەکان. دووەمیان ئەوەیە دوو جار هونەری دژیەکی بەکارهێناوە، ئەوانیش (کار بکات: ئیش نەکات، هەڵە دەکات: هەڵە ناکات).

٢٥- **(بەڵام ئەو خزمەتەی کراوە و پێشکەش بە خەڵکی کوردستان کراوە، نەمنەتی تێدایە، بەڵام جێگەی شانازییە بۆ ئێمە)**(گ٣٤): لەم ڕستەیەدا وشەی (خزمەت) دروشمی سیاسییە. هەروەها (تایبەتی)ی پارتی پیشانداوە، کە (شانازی بە خزمەتکردنەوە دەکات).

٢٦- **(تەمەنام دەکرم دروشمەکانی لایەنەکانی تر کێبڕکێبایە لەگەڵ پارتی لەسەر پڕۆژەی باشتر، خزمەتگوزاریی باش تر، تەبایی و برایەتی قوڵ تر)**(گ٣٥): وتاربێژ میکانیزمی بەراوردکردنی بەکارهێناوە، بەراوردی دروشمی حیزبەکەی خۆی و ئەوانی تری کردووە. جگە لەوە هەریەکە لە (پڕۆژەی باشتر، خزمەتگوزاریی زیاتر، تەبایی و برایەتیی قوڵتر) دروشمی سیاسین، وتاربێژ لایەنگرییان دەکات.

٢٧- **(بەڵام لەگەڵ ئەوەش دوای هەڵبژاردنی بیستی ئۆکتۆبەر پارتی بە دڵێکی فراوان بە هەستکردن بە مەسئولیەتێکی گەورە دەستی براییەتی بۆ هەموو لایەک درێژدەکات)**(گ٣٦). لەم ڕستەیەدا (دڵێکی فراوان، دەستی برایەتی) دروشمی کۆمەلایەتین، (هەستکردن بە مەسئولیەت) دروشمی سیاسییە. هەر لە ڕستەکەدا (هەواڵ)ی ئەوە هاتووە، کە (پارتی لە سۆنگەی بەرپرسیایەتییەوە هەنگاوێکی ئەرێنی بۆ ئاشتەوایی دەنێت)، ئەمەش پیاهەڵدان و پیشاندانی ڕوویەکی ئەرێنیی حیزبەکەیەتی.

٢٨- **(مەرجی ئێمە تەنیا یەک مەرجە دڵسۆزی و وەفاداری بۆ خوێنی شەهیدان و بۆ خاکی کوردستان)**(گ٣٧): لەم ڕستەیەدا (دڵسۆزی و وەفاداری بۆ خوێنی شەهیدان و بۆ خاکی کوردستان) دروشمێکی سیاسییە، وتاربێژ بانگەشەی بۆ دەکات.

٢٩- **(بیر لەوە نەکەنەوە بە دژایەتی و تەحەدای پارتی چتان دەستبکەوێت، بە خوای ئەوەی بە دۆستایەتی و بە برایەتی لەگەڵ پارتی دەستان دەکەوی، بە حەیاتی بەزۆری دەستان ناکەوی)**(گ٣٩): لە ڕستەیەدا وشەکانی (دژایەتی: دۆستایەتی) (دژیەک)ن، هەروەها (جەختکردنەوە بە سوێندخواردن) بەکارهاتووە.

٣٠- **(ئەوانەی خەون بەوە دەبینن، کە پارتی بڕوخێنن کاکی خۆم کەسانی زۆر لە ئێوە گەورەتر زاناتر دەوڵەتی بەهێزتر خۆیان تەجروبە کردووە خۆیان ڕووخاند پارتی هەرما و هەر دەمێنێت، پارتی داربەڕووییە داربەڕوو)**(گ٤٠): ڕستەکە میکانیزمی سەرچاوەی پاڵپشتیی تێدایە، کە هێنانەوەی بەڵگە و پاڵپشتیی ڕوداوی مێژووییە بۆ قسەکانی، کە (بەهێزیی

حیزبەکەی دەسەلمێنێت). هەروەها ڕستەکە (بەراوردکردن)ی نەیاری ئێستا و ڕابردووی تێدایە، تێیدا نەیاری ئێستا بە لاوازتر دادەنێت، بەڵگەی مێژوویش بۆ قسەکانی دێنێتەوە، ئەمەش بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەری و ڕوخاندنی ورەی نەیارەکان. ئەمە (هەواڵ)ە و ڕەوانبێژیشە، لە هەواڵەکەدا وەسفی حیزبەکەی خۆی کردووە لە بەهێزی و بەتوانایی. هەروەها ڕستەی (پارتی داربەڕوو‌ییە داربەڕوو) ڕەوانبێژییە، درکەیە، سیفەتی بەهێزیی داربەڕووی داوەتە پاڵ حیزبەکەی، کە هەرگیز ناڕوخێت، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆیە بۆتە درکە. جگە لەوە وشەی (داربەڕوو) دوو جار هاتووە، ئەمەش (جەختکردنەوەیە بە دووبارەکردنەوە).

٣١- **(هیوادارم، هیوادارم دوای هەڵبژاردن هەموو لایەنەکان بە پارتیشەوە بە خۆیاندا بچنەوە، بیر لەوە بکەنەوە چۆن ئەم هەرێمە بپارێزین، چۆن گیانی برایەتی قووڵتر بکەین لەناو ئەم میللەتە، چۆن سوود لە هەڵەکانی ڕابردوو وەربگرن، وە چۆن خزمەتگوزاریی زیاتر و باشتر پێشکەش بە خەڵکی کوردستان بکەین، ئەمەیە ڕێگەی ڕاست)**(گ٤١): لە ڕستەکەدا وشەکانی (گیانی برایەتی، خزمەتگوزاریی زیاتر و باشتر) دروشمی سیاسین.

٣٢- **(پارتی هیچ کات لە مەسئولیەت نەترساوە و ڕاینەکردووە)**(گ٤٢): ڕەوانبێژی(هەواڵ)ە، هەواڵەکەش پیاهەڵدانە، وەسفی حیزبەکەی خۆی کردووە.

٣٣- **(داوای من لە هەڤاڵانی پارتی ئەمەیە: یەک: کاتی خۆتان خەسار نەکەن بە وەڵامدانەوەی وشەی سووک و هەڵوێستی سووک**(گ٤٣): (تایبەتی)ی نەرێنیی گوفتار و کرداری نەیارەکانی پیشانداوە.

٣٤- **(دوو تەرکیز بکەنە سەر چۆنییەتی پاراستنی هەرێم و پاراستنی ئازادی و دیموکراسی)**(گ٤٤)، **(سێ بنیادنانی ژێرخانێکی بەهێز بۆ هەرێمی کوردستان)**(گ٤٥)، **(چوار خزمەتگوزاریی زیاتر بۆ خەڵکی کوردستان)**(گ٤٦)، **(پێنج: ئیهتمامێکی زۆرتر بە کەرتی پەروەردە و تەندروستی)**(گ٤٧)، **(کاربکەین بۆ قوڵکردنی گیانی برایەتی و تەبایی و پێکەوەیی هەموو نەتەوە و ئایین و مەزهەبێک)**(گ٤٨)، **(مەجالێکی فراوانتر بۆ ئافرەتان و گەنجان، کە ڕۆڵی خۆیان باشتر و زیاتر ببینن)(گ٤٩):** لەم ڕستانەدا (پاراستنی هەرێم، پاراستنی ئازادی و دیموکراسی، ژێرخانێکی بەهێز بۆ هەرێمی کوردستان، خزمەتگوزاریی زیاتر، ئیهتیمامی زیاتر بە کەرتی پەروەردە، گیانی برایەتی و تەبایی و پێکەوەیی هەموو نەتەوە و ئایین و مەزهەبێک، مەجالی فراوان تر بۆ ئافرەتان و گەنجان) حەوت دروشمی سیاسین بۆ وروژاندنی جەماوەر بەکارهاتوون.

٣٥- **(وە من دڵنیام خەڵکی کوردستان وشیارن، وە زۆریش زانان دەزانن، کە دەنگ بە کێ بدەن)**(گ٥٠): میکانیزمی جەختکردنەوەی بەکارهێناوە، لە ڕێگەی وشەی (دڵنیام) جەختی لە مەبەستەکەی کردووەتەوە، هەروەها (تایبەتی)ی جەماوەری پیشانداوە، بەوەی شارەزا و وشیارن، ئەمەش هاندانی جەماوەرە تاکو دەنگ بەوان بدەن.

٣٦- **(بەوە بدەن، کە کوردستان دەپارێزێت یان بەوە بدەن، کە کوردستان دەفرۆشێ)**(گ٥١): لەم ڕستەیەدا دوو (تایبەتی)ی تێدایە، یەکیان باشە و مەبەستی خۆیانە، یەکیان خراپە و مەبەستی نەیارانە. ئەمە لە هەمان کاتدا بووە بە (بەراورد)ی خۆیان و نەیاران. لەم دوروبەرەشدا (پاراستن: فرۆشتن) دەبن بە (دژیەک).

٣٧- **(هەڤالان، هەڤالانی خۆشەویست بەرواری کۆتایی هێنان بە هەڵمەتی هەڵبژاردن هاوکاتە لەگەڵ یادێکی تاڵ و کارەساتێکی نەتەوەیی، ئەویش ١٦ی ئۆکتۆبەرە)**(گ٥٢): لێرەدا ڕستەی (١٦ی ئۆکتۆبەر) تێلنیشانە، ئاماژەی بە ڕوداوێکی مێژوویی کردووە، کە لە سەرەتای ڕودانییەوە (پارتی دیموکراتی کوردستان) نەیاری سەرەکیی خۆیان، کە (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)ە، بە هۆکاری ئەو ڕوداوە دەزانن. ئەمەش دەبێتە باسێکی نەرێنی بۆ حیزبی بەرانبەر.

٣٨- **(چۆن ئێوەی خۆڕاگر لە ٢٥ی ئەیلول نەیانهێشت ئیرادەی گەلی کوردستان بشکێت)**(گ٥٣): تێلنیشانە، ئاماژەیە بە ڕۆژی ڕیفڕاندۆمی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧. ئەمە لە لایەکی ترەوە (سەرچاوەی پاڵپشتی و بەڵگەی مێژوویی)ە، کە ئەو ڕۆژە و بڕیاردان بۆ ئەو هەنگاوە وەکو شانازییەکی خۆیان پیشانی ئامادەبووانی دەدات.

٣٩- **(چۆن لە ٢٠ی ئۆکتۆبەر پێشمەرگە چۆن توانیان پلانی داگیر کردنی هەرێم لە پردێ تێکبشکێنن)(گ٥٤)**، **(چۆن پێشمەرگە لە سحێلا خەونی داگیرکردنی کوردستانیان لە دوژمنان کرد بە خەونێک بۆ قەبر)**(گ٥٥): لە هەردوو ڕستەکەدا تێلنیشان هەیە، ئاماژەن بۆ شەڕی ٢٠ی ئۆکتۆبەر لەنێوان هێزی پێشمەرگە و، سوپای عێراق و (حەشدی شەعبی) لە

پردێ و دواتر لە (سحێلا). لە هەمان کاتدا هەردووکیان دەبنە سەرچاوەی پاڵپشتی و بەڵگەی مێژوویی، کە وتاربێژ ئازایەتیی چەکدارانی حیزبەکەی و لایەنگرانی پیشاندەدات.

٤٠- **(بەو ئیرادەیە، بەو جۆش و خرۆشە، بەو ئومێدەوە ڕۆژی بیستی مانگ بچن بۆ سەر سندوقی دەنگدان و خۆتان نەچەمینن)**(گ٥٦): لێرەدا (خۆتان نەچەمینن) دروشمێکی سیاسیی تایبەت بە (پارتی)یە.

٤١- **(بە دەنگەکانتان، پێشمەرگە قارەمانەکان بە خوێنی خۆیان کوردستانیان پاراست)**(گ٥٧): لەم ڕستەیەدا (پێشمەرگە قارەمانەکان، خوێنی خۆیان) دروشمی سیاسین.

٤٢- **(ئێوە لە ڕۆژی ٢٠ی مانگ داستانی خواکورک، داستانی کۆڕێ، داستانی ٢٥ی ئەیلوول، داستانی پردێ، داستانی سحێلا بیننەوە بیر خۆتان و بە پەنجەتان کوردستان بپارێزن)**(گ٥٨) ئەم ڕستەیە (٥) تێلنیشان هەیە، بیتین (داستانی خواکورک، داستانی کۆڕێ، داستانی ٢٥ی ئەیلوول، داستانی پردێ، داستانی سحێلا). هەریەک لەوانە ئاماژەن بە ڕوداوێکی مێژوویی، کە ئەو حیزبە لای خۆیەوە خاوەندارێتییان دەکات و شانازییان پێوە دەکات. ئەمەش وەک وشەی کاریگەر و وروژێنەر بۆ جەماوەر هەژماردەکرێت. ئەم پێنج ڕوداوە مێژووییە لە هەمان کاتدا دەبن بە پێنج (سەرچاوەی پاڵپشتی)، کە وتاربێژ بەهۆیانەوە (ئازایەتیی ئەندامانی حیزبەکەی خۆی) پیشانی جەماوەر دەدات.

٤٣- **(خوشک و برایانی خۆشەویست، ئێمە لە کاتێکدا دەچینە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن، کە ناوچەکە لە وەزعێکی ئاڵۆز و حەساسدایە)**(گ٥٩)، **(ئێمە لەگەڵ برادەرانی بەغدا خەریکین بە هەموو شێوەیەک، کە عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی نەکەوێتە ناو ئەو ئاگرەی، کە هەیە)**(گ٦٠): لەم دوو ڕستەیەدا مەیلگۆڕینی نەرێنی بەکارهاتووە، وتاربێژ جەماوەر دەترسێنێت، بەوەی (وەزعەکە ئاڵۆز و حەساسە)، (ئاگر هەیە، واتە مەترسیی شەڕ و ئاڵۆزی هەیە).

٤٤- **(وە هەموو ئومێدمان ئەوەیە، کە لایەنەکان هەموویان پەنا ببەنە بەر دیالۆگ بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەری ئەو مەشاکیلانەی، کە هەیە بیکەن)**(گ٦١): لێرەدا وشەکانی (دیالۆگ، ئاشتییانە) دروشمی سیاسین، وتاربێژ بە ناوهێنانیان لایەنگریی خۆی بۆیان پیشاندەدات.

٤٥- **(بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی مەسولیی بەغدایە و ئەرکی هەرێمیشە، کە هەوڵبدەن عێراق و هەرێم نەکەونە ناو ئەو ئاگرە)**(گ٦٢): دووبارە (مەیلگۆڕینی نەرێنی) و بوونی مەترسی لە وشەی (ئاگر)دا پیشاندراوە.

٤٦- **(پەیوەندیی هەولێر و بەغدا، تەبعەن ئێستا پەیوەندیی پارتی لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری حیزبەکانی عەرەبی، چ شیعە چ سونە، لە عێراق پەیوەندییەکی باشە لە ئاستێکی باشدایە)**(گ٦٣): لێرەدا دوو جار جەختی لە قسەکەی کردووەتەوە، یەکیان بەهۆی وشەی (تەبعەن)، ئەوی تریان بەهۆی دووبارەکردنەوەی وشەی (باش) لە (پەیوەندییەکی باشە) و (لە ئاستێکی باشدایە). ئەم ڕستەیە لە هەمان کاتدا (هەواڵ)ێکی باشە لەبارەی (پارتی)یەوە.

٤٧- **(وە بەینی حوکمەتی هەرێم و حوکمەتی بەغداش تا حەدێکی زۆر تەفاهوم دروستبووە و ڕێگەی چارەسەری گرفتەکان گیراونەتەبەر)**(گ٦٤)، **(وە لەگەڵ بەرێز سودانی سەرۆک وەزیران تەفاهومێکی باش هەیە)**(گ٦٥): ئەم دوو ڕستەیە دوو (هەواڵ)ی ئەرێنین لەبارەی (پارتی)یەوە.

٤٨- **(ئێمە ئومێدەوارین دوای ئەم هەڵبژاردنە ئیتر بە تەواوی ئەو مەشاکیلانەی، کە هەیە بنبڕبکرێن و چارەسەر بکرێن)**(گ٦٦): ئەم ڕستەیە (هەواڵ)ێکی ئەرێنییە لەبارەی خودی وتاربێژەوە، بەوەی (کەسێکە، لەگەڵ چارەسەری کێشەکاندایە).

٤٩- **(ئێمە لەگەڵ چارەسەرین، بەڵام قەت و قەت موساوەمە لەسەر مافی خۆمان ناکەین)**(گ٦٧): لەم ڕستەیە دوو (تایبەتی)ی ئەرێنیی (پارتی) پیشاندراوە، ئەوانیش ئەوەن (پارتی لەگەڵ چارەسەرە، پارتی موساوەمە لەسەر مافی خۆی و خەڵک ناکات). هەروەها ڕستەکە بە دووبارەکردنەوەی وشەی (قەت) جەختی لە ڕاستیی بیرۆکەکەی کردووەتەوە.

٥٠- **(شەراکەت، تەوازن، تەوافق، دەستور، هەیە، ئیتیفاقی سیاسیش هەیە، ئەگەر ئیش بەمانە بکرێت هیچ مەشاکیلێک نامێنێ)**(گ٦٩): لەم ڕستەیەدا وشەکانی (شەراکەت، تەوازن، تەوافق، دەستور، ئیتفاق) دروشمی سیاسین.

٥١- **(بەینی هەرێم و بەغدا لەگەڵ وڵاتە ئقلیمیەکان عیلاقاتی هەرێم و عیلاقاتێکی باشە و بەرەو باشی دەچێ)**(گ٧٠): ئەم ڕستەیە (هەواڵ)ێکی تێدایە، کە وێنەیەکی ئەرێنیی حکومەت پیشاندەدات، حکومەتیش لەلایەن (پارتی)یەوە

سەرۆکایەتیی دەکرێت.

٥٢- **(وە ئێمە لەگەڵ ئەوە نینە لەگەڵ هیچ دەوڵەتێک، لەگەڵ هیچ لایەنێک گرفتمان هەبێ، بەڵام ئێمە خاوەنی بڕیاری خۆمانین و بڕیاری خۆمان تەسلیمی هیچ کەس ناکەین)**(گ٧١): ئەم ڕستەیە دوو (تایبەتی) و (هەواڵ)ێکی تێدایە هەموویان بە مەبەستی پیشاندانی وێنەیەکی ئەرێنیی (پارتی) خراونەتەڕوو. (تایبەتی)یەکان ئەوەن (پارتی لەگەڵ کێشە و گرفتدا نییە، پارتی خاوەنی بڕیاری خۆیەتی). هەواڵەکەش ئەوەیە (پارتی بڕیاری خۆی تەسلیمی کەس ناکات).

٥٣- **(مەترسی تیرۆر هێشتا هەر هەیە، بۆیە ئێمە هیوادارین بەغدا لەگەڵ هاوپەیمانان بگەنە ئێتیفاقێکی ڕێکوپێک بۆ ئەوەی بەردەوام ئەو هاوکارییە و ئەو هەماهەنگییە هەبێ داعش نەتوانێ جارێکیتر سەرهەڵداتەوە)**(گ٧٢): مەیلگۆڕینی نەرێنی(ترساندن)ی تێدایە، نێرەر هەوڵی ترساندنی جەماوەری داوە، بەوەی مەترسییەکانی تیرۆر و گروپە توندڕەوەکان هێشتا ماون و پێویستییان بە هێزێک هەیە بەرەنگاریان بێتەوە.

٥٤- **(لە کەرنەڤاڵی ڕۆژی ١٣ی مانگ لە دهۆک ئێوە هەموو بینیتان ئەلحەم دولیلا لەوێ دڵی دۆستان گەش بوو، دڵی دوژمن و ناحەزان ڕەش بوو)**(گ٧٤): لە ڕستەیەدا دوو هونەری ڕەوانبێژی هاتووە؛ وشەکانی (گەش، ڕەش) ڕەگەزدۆزی تەواون، هەروەها وشەکانی (دۆست، دوژمن) دژیەکن. جگە لەوە دەربڕینی (ئەلحەم دولیلا) دەبێتە دروشمی ئاینی و گوزارشت لە باوەڕی قسەکەر دەکات.

٥٥- **(بابەتی تریش پێش یەک دوو ڕۆژ سەرۆک وەزیران لەگەڵ دەزگای خێرخوازیی بارزانی ٥٥٤ شوقەیان دابەشکرد بەسەر خانەوادەی شەهیدانی شەڕی داعش)**(گ٧٥): لەم ڕستەیەدا (هەواڵ)ێک هاتووە، کە وێنەیەکی ئەرێنیی (پارتی) و دامەزراوە حیزبییەکانی پیشاندەدات، ئەویش بابەتی دابەشکردنی شوقەیە بەسەر خانەوادەی شەهیداندا. جگە لەوە گرێی (خانەوادەی شەهیدان) دروشمێکی سیاسییە.

٥٦- **(ئەمە ئەرکە، ئەرکی حوکمەتە، ئەرکی دەزگای خێرخوازی بارزانییە)**(گ٧٦): میکانیزمی جەختکردنەوەی بەکارهێناوە، لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی وشەی (ئەرک)ەوە.

٥٧- **(هەرچی بۆ شەهید بکەین کەمە)**(گ٧٧): ئەمە دروشمێکی سیاسییە.

٥٨- **(بەڵام ئەوەی لێرەدا بە لای منەوە زۆر مهیم بوو بە بێ جیاوازی ئەو شوقانە بەسەر خانەوادەی هەموو شەهیدان دابەشکرا، بێ ئەوەی بڵێن ئەوە پارتییە یان یەکیەتییە یان ئەوی ترە(گ٧٨):** ڕستەکە (هەواڵ)ێکی تێدایە، کە وێنەیەکی ئەرێنیی سەرۆکوەزیران و دەزگایەکی نزیک لە سەرۆکوەزیران و حکومەت پیشاندەدات.

٥٩- **(ئا ئەوەیە پارتی، ئەوەیە ڕێبازی بارزانی)**(گ٧٩): وتاربێژ (تایبەتی)یەکی باشی (گێبازی بارزانی) پیشانداوە، بە لای وتاربێژەوە (ئەو ڕێبازە جیاوازیی بیروڕای سیاسی ناکاتە بنەما بۆ خزمەتکردن).

٦٠- **(شەهید پیرۆزە، شەهید تاجی سەرمانە)**(گ٨٠): ڕستەیەکی لێکدراوە، دوو دروشمی سیاسی لەخۆدەگرێت.

٦١- **(هەڤاڵان موراڵتان بەرزبێ، ئومێدتان زۆربێ، باوەڕتان نەگۆڕبێ، سەرکەوتن هەر بۆ ڕێگەی ڕاستە)**(گ٨١): لەم ڕستەیەدا بەهۆی وشەی (هەر)ەوە جەختی لە بیرۆکەکەی کردووەتەوە، بیرۆکەکەش ئەوەیە (سەرکەوتن بۆ ڕێگای ڕاستە)، ئەمەش هەواڵێکە بەهۆیەوە بە ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت (گێگاکەی ئێمە ڕێگا ڕاستەکەیە)، ئەمەش پیاهەڵدانی ڕێبازەکەی خۆیانە.

٦٢- **(هەروەها سوپاسی کۆمسیۆنیش دەکەم، کە بە قسەی برادەران و هەڤاڵانمان تا ئێستا کاری خۆیان بە ڕێکوپێکی کردووە)**(گ٨٤): ئەم ڕستەیە (هەواڵ)ێکی تێدایە، کە دڵنیایی لەبارەی کاری کۆمیسیۆنەوە دەدات و گومان لە پاکیی هەڵبژاردن دووردەخاتەوە، ئەمەش لەپێناوی هاندان و ساردنەبوونەوەی جەماوەر لە دەنگدان.

٦٣- **(لە کۆتاییدا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدان**(گ٨٦)، **سڵاو بۆ خانەوادەی شەهیدان**(گ٨٧)، **سڵاو بۆ پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان**(گ٨٨)، **سڵاو لە دار و بەرد و خەڵکی کوردستان)**(گ٨٩)، **سڵاو لە کەرکووکی دووجار فرۆشراو**(گ٩٠)، **سڵاو لە سلێمانی**(گ٩١)، **سڵاو لە هەڵەبجە**(گ٩٢)، **سڵاو لە دهۆک**(گ٩٣)، **سڵاو لە هەولێری پایتەخت سومبلی هاوبەشی گەلی کوردستان)**(گ٩٤)، هەریەک لەم (٩) ڕستەیە دروشمی سیاسین، گرنگیی ئەو شتان و چین و شوێنانە لای وتاربێژ پیشاندەدەن، کە سڵاویان بۆ نێردراوە. جگە لەوە لە (گ٩٠)دا تێلنیشان بەکارهاتووە، ئاماژە بۆ

چەند ڕوداوێک کراوە، وتاربێژ حزبی کێبڕکێکار کە (یەکێتی)یە بەوە تۆمەتباردەکات، کە لە (١٦)ی ئۆکتۆبەر و لە دانانی پارێزگاردا شارەکەیان بە بەرژەوەندیی مادی گۆڕیوەتەوە، واتە فرۆشتوویانە.

٦٤- **(هەولێر، هەولێرە)**(گ٩٥): خەتکردنەوە بە دووبارەکردنەوەی تێدایە.

٦٥- **(پشتمان بە خوای گەورە قایمە بە هیمەتی ئێوە هەر بەرەو پێشەوە دەچین، خۆناچەمینین و سەردەکەوین)**(گ٩٦): لەم ڕستەیەدا دوو جۆر دروشمی بەکارهێناوە، کە (پشتمان بە خوای گەورە قایمە) دروشمی ئاینییە، هەروەها (بەرەو پێشەوە دەچین، خۆناچەمینین، سەردەکەوین) سێ دروشمی سیاسین.

٦٦- **(لە کۆتایدا من پرسیارێک لە لایەنەکانی تر دەکەم، ئێوە و ویژدانتان ئێوە و خوای خۆتان ئەگەر ئێوە لە جیاتی پارتی بوبان چۆن ڕەفتارتان دەکرد، لەگەڵ پارتی)**(گ٩٧): لەم ڕستەیەدا وتاربێژ بەراوردی خۆیان و حیزبەکانی تر دەکات، بەجۆرێک؛ دەیەوێت، بڵێت: (حیزبەکانی تر ئەگەر وەک پارتی خاوەن دەسەڵات بان، مافیان بە بەرانبەر نەدەدا و، هاوشێوەی پارتی مامەڵەی باشیان نەدەکرد).

٦٧- **(هەر بژین کورد و کوردستان)**(گ٩٩): ئەم ڕستەیە دروشمێکی سیاسییە.

٦٨- **(تا ئێوە پشتیوانی پارتی بن، پارتی لە پێشەوە دەبێ و هەر بەرەو پێشەوە دەچێ)**(گ١٠١): لەم ڕستەیەدا بە دووبارەکردنەوە وتاربێژ جەختی لە (بەرەوپێشچوونی پارتی) کردووەتەوە.

٦٩- **(وەسەلام و عەلەیکم)**(گ١٠٢): ئەم دەربڕینە دروشمی ئاینییە و باوەڕی وتاربێژ دەگەیەنێت، کە کەسێکی ئایندارە.

## شیکردنەوەی گشتیی وتارەکە:

ئەم وتارە بەشێکە لە بانگەشەی هەڵبژاردن و کۆی گشتیی وتارەکە پەیامێکە دەیەوێت، بڵێت:(بچن بۆ دەنگدان و دەنگ بە لیستی حیزبەکەی ئێمە بدەن)، دەقەکە لە (١٠٢) ڕستە پێکدێت، بەڵام تەنیا چوار(٤) ڕستە ئەو داواکردنەی تێدایە، ئەوانیش ڕستەکانی (١٧، ٥٦، ٥٨، ٨٢)ن. ڕستەکانی تر جگە لە (سڵاوکردن و سوپاسکردن و دەستخۆشی...)، هەوڵی وتاربێژن بۆ (گازیکردن)ی جەماوەر بۆئەوەی داواکە بەجێبگەیەنن. لە دەقەکەدا لە کۆی (١٠٢) ڕستە تەنیا (١٣) ڕستەیان هەوڵی ڕازیکردن نییە، واتە (٨٩) ڕستەی هەوڵی رازیکردنە و لەپێناوی ئاڕاستەکردن و گۆڕینی بیروڕای جەماوەرە.


لە نێو میکانیزمەکانی (مەیلگۆڕین)دا وتاربێژ پشتی بەمانە بەستووە:

- وتاربێژ (٨٧) دروشمی بەکارهێناوە، لە ناویاندا (٨١ دروشمی سیاسی، ٤ دروشمی ئاینی، ٢ دروشمی کۆمەڵایەتی).
- لە وتارەکەدا (٥٦) هونەری ڕەوانبێژی بەکارهاتووە. زۆرترینیان (هەواڵ)ە، کە (٢٣) جار بەکارهاتووە. هەواڵەکان بوونە بە (شانازیکردن، پیاهەڵدان)ی بە حیزب و مێژووی حیزب و چالاکییە سیاسی و سەربازییەکان. هەروەها هەندێک لە هەواڵەکان بۆ پیشاندانی (وێنەی نەرێنی)ی نەیار و حیزبە کێبڕکێکارەکانی هەڵبژاردن بەکارهاتوون.

هەروەها (١٤) جار هونەری (تایبەتی) بۆ پیشاندانی وێنەی ئەرێنیی خۆیان یان وێنەی نەرێنیی حیزبە کێبڕکێکارەکانی تر بەکارهێنراوە. جگە لەو دوو هونەرە ئەم هونەرانەش بەکارهاتوون (دژیەک ٧ جار، تێڵنیشان ١٠ جار، درکە ١ جار، ڕەگەزدۆزی ١ جار).

- لە وتارەکەدا (١٤) جار بنەمای (جەختکردنەوە) بەکارهاتووە.
- وتاربێژ لە وتارەکەیدا (١٣) جار ڕوداو و بەڵگەی مێژوویی وەکو (سەرچاوەی پاڵپشتی) بۆ سەلماندنی (گاستیی قسەکانی) بەکارهێناوە.
- وتاربێژ (٧) جار خۆیان و حیزبەکانی تر، دروشمی خۆیان و دروشمی ئەوانی تر، هەڵوێستی خۆیان و هەڵوێستی ئەوانی تری بەراوردکردووە، بێگومان لە هەمووشیاندا کاندید و سیاسەت و هەڵوێستی خۆیان بەسەر ئەوانی تردا پەسندکراوە.

لە خوارەوە بە هێڵکارییەک ڕێژەی پشتبەستن بە هەر بنەمایەکی مەیلگۆڕین لە وتارەکەدا دەخەینەڕوو:





هێڵکاریی ژمارە (١) ژمارەی بنەما جیاوازەکانی مەیلگۆڕین لە وتارەکەدا

-سەبارەت بە جۆرەکانی مەیلگۆڕین، وتاربێژ لە کۆی گشتی هەوڵەکانی ڕازیکردندا (١٧٧) جار بنەمای (مەیلگۆڕینی ئەرێنی) و (٨) جار (مەیلگۆڕینی نەرێنی)ی بەکارهێناوە. لە مەیگۆڕینی نەرێنیدا هەوڵیداوە جەماوەر لە مەترسیی (مانەوەی پاشماوەی چەکدارانی داعش، مادەی هۆشبەر، شەڕ و ئاشوب لە عێراق، ئاڵۆزی و هەستیاریی بارودۆخ، مافیا و تیرۆر، ویستی تێکدان و هەڵوەشانەوەی هەرێم) ئاگاداربکاتەوە.

لە ناو جۆرەکانی مەیلگۆڕین هیچ جۆرێکی (مەیلگۆڕینی عەقڵانی) بەکار نەهاتووە.

لە خوارەوە هێڵکاریی ڕێژەی بەکارهێنانی جۆرەکانی مەیگۆڕین لە وتارەکەدا نیشاندەدات:




هێڵکاریی ژمارە (٢) ژمارە و ڕێژەی جۆرەکانی مەیلگۆڕین لە وتارەکەدا

## ئەنجامەکان:

- زۆرینەی ڕستەکانی سامپڵی توێژینەوە میکانیزمی تایبەت بە ڕازیکردنی وەرگریان تێدایە و بۆ جوڵاندنی هەست و سۆز و گۆڕینی ئاڕاستەی بیرکردنەوەیانن.

- (هەواڵ) و (تایبەتی) وەک دوو هونەری ڕەوانبێژی لە سامپڵی توێژینەوەدا بۆ جوڵاندنی هەست و سۆز بەکارهێنانی زۆریان هەیە، بە جۆرێک؛ وتاربێژ هەواڵ و تایبەتی بۆ (شانازیکردن بە حیزب، پیاهەڵدانی حیزب و سیاسییەکان)ی خۆیان، هەروەها بۆ (تاوانبارکردن، وێناکردنی نەرێنی)ی حیزب و کەسایەتیی نەیار یان کێبڕکێکار بەکاردێنێت.

- بەپێی داتاکانی ئەم توێژینەوەیە، وتاربێژی سیاسیی کورد لە کاتی وتارداندا زۆرتر هەوڵی جوڵاندنی هەستی وەرگر بە شێوەی ئەرێنی داوە، کەمتر ترسی بەکارهێناوە، لەوەش کەمتر داتا و ژمارە و بەڵگەی زانستی دەگەیەنێت، یان هەر ناگەیەنێت. واتە زۆرتر کار لەسەر هەست و سۆز دەکات بە شێوەیەکی ئەرێنی.

## سەرچاوەکان


### أ- بە زمانی کوردی:

- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٣). ڕازیکردنی خێرا لە چوار هەنگاودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
- ________ (٢٠١٥). زمان و کەسایەتی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
- صالح، دەروون عبدالرحمان (٢٠٢٠). ڕۆڵی زمان لە ئاڕاستەکردنی لایەنی دەروونیی تاکدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان.
- عصاف، هیوا احمد (٢٠٢٢). بنەماکانی پڕاگماتیکی لە زمانی ڕاگەیاندنی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- عمر، ژاوەڕۆ عباس(٢٠٢٢). هێزی ڕاکێشان لە کردەی ئاخاوتندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی.
- عەبدولرەحمان، شیلان عوسمان (٢٠٠٩). کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.
- محمد، بەهار زایەر (٢٠٢١). میکانیزمی ئەرگۆمێنت لە داڕشتنی هەواڵدا (گاگەیاندنی بینراو و ئەلیکترۆنی) بە نموونە، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی پەروەردە بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

### ب- بە زمانی عەرەبی:

- ابن رشد، ابو الوليد(١٩٦٧). تلخيص الخطابة، تحقيق و شرح حد سليم سالم، الطبعة الثانية، القاهرة، مصر.
- ابن منظور(١٩٩٧). لسان العرب، دار صادر، ط.٢ ، لبنان، بيروت.
- ابو عرقوب، ابراهيم(١٩٩٣). الاتصال الانساني و دوروه في التفاعل الاجتماعي، الطبعة الاولى، دار مجد الاولى عمان.
- ارسطو(١٩٨٦). الخطابة، ترجمة: عبدالرحمان البدوي، منشورات دار النون الثقافية العامة، وزارة الثقافة و الاعلام، الطبعة الاولى، بغداد.
- انيس، ابراهيم(٢٠٠٤). المعجم الوسيط، ط٤، مكتبة الشرق الدولية، مصر.
- اوديل وكيبل(٢٠٠٠). الدعاية و النظريات و التواجهات الحديثة دار النشر و الطباعة، رياض.
- أولمان، ستيفن(١٩٩٧). دور الكلمة في اللغة، ترجمة: كمال البشر، الطبعة الثانية عشرة، دار الغريب للطباعة و النشر و التوزيع، القاهرة.
- حانون، نزهة(٢٠٠٧- ٢٠٠٨). الأساليب الأقناعية، في الصحافة المكتوبة الجزائرية، ميثاق السلم و المصلحة، الوطنية نموذجا، دراسة لجريدتي النصر و الخبر، مذكرة لنيل الشهادة الماجستير في العلوم و الاتصال، جامعة منتوري قسنطنية، تركياز
- حجاب، محمد منير(٢٠٠٠). مهارات الاتصال للأعلامين و التربويين و الدعاة، الطبعة الاولى دار لفكلا لطباعة و النشر، القاهرة.
- الحديدي، منى سعيد_ على، سلوى أمام(٢٠٠٦). الإعلام و المجتمع، ط٢، دار المصرية اللبنانية، القاهرة.
- ختاتنة، سامي يوسف- ابو سعد، احمد عبدالطيف(٢٠١٥). علم النفس الاعلامي، دار الميسرة للنشر و التوزيع، عمان اردن.
- خليل، مدحت(٢٠١٢). مهارات الاقناع، الدار المصرية للكتاب، القاهرة، مصر.
- سهام، برقعة(٢٠١٨). حجاجية الخطاب في الحديث النبوي الشريف، دراسه نمازج مختارة رسالة ماجيستير، جامعة د. مولاي الطاهر- سعيدة- كلية الاداب و اللغات و الفنون- قسم ادب العربي، الجزائر.
- شعرور، ليلى(٢٠٠٩). فن التواصل و الإقناع، مطابع الدار العربية للعلوم، بيروت، لبنان.
- الشهري، عبدالهادي بن ظافر(٢٠٠٤). استراتيجيات الخطاب- مقاربة لغوية تداولية، دار الكتاب الجديد المتحدة، الطبعة الاولى، بنغازي، ليبيا.
- شيبة، شدوان على(٢٠٠٥). الاعلان (المدخل و النظرية)، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، مصر.
- صادق، على- العامري، محمد عبدالحسن(٢٠٢١). الاتصال المواجهي الحملات الانتخابية و تأثيرها في الجمهورو العربي للنشر و التوزيع, مصرز
- طاليس، ئەرسطو(١٩٨٠). الخطابة، ت: عبدالرحمن البدوى، ب.ط، دار الرشيد، بغداد.

– العادلي، مرزوق عبدالحكم(٢٠١٧). الاستمالات الإقناعية المستخدمة في الإعلان التليفزيوني التجاري و اتجاهات الجمهور نحوها: دراسة ميدانية تحليلية، مجلة بحوث العلاقات العامة الشرق الأوسط، الجمعية المصرية للعلاقات العامة، المجلد ٥، العدد ١٧، مصر.
– عبيد، حاتم(٢٠١٠). من الاحتجاج بالعواطف الى الاحتجاج للعواطف، ضمن الحجاج مفهومه و مجالاته الجزء الرابع، عمان اردن.
– عكاشة، محمود(٢٠٠٧). خطاب السلطة الاعلامي، الطبعة الثانية، الناشر الاكاديمية الحديثة للكتاب الجامعي، القاهرة.
– فايزة، بوصلاح(٢٠١٠). الاقناع في قصة ابراهيم عليه السلام– مقاربة تداولية، رسالة الماجستير، جامعة وهران، الجزائر.
– فوزي، شروق سامي(٢٠١٥). التأثيرات الإعلامية على جمهور المستقبلين.
– الكلاب، مريد(٢٠٠٨). مهارات الاقناع بالايحاء اللغة الملتونية، اعداد و ترتيب راشد ناصر غرسان.
– نحلة، محمود أحمد(٢٠٠١). علم اللغة النظامي– مدخل الى النظرية اللغوية عند هاليداي، الطبعة الثانية، ملتقى الفكر، الاسكندرية.
– الوردي، على(٢٠٠٥). خوارق اللاشعور، منشورات سعيد بن جبير، إيران.
– يوسف، جمعة سيد(١٩٩٠). سيكولوجية اللغة و المرض العقلي، سلسلة عالم المعرفة(٢٤٥)، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الأداب، الكويت.

**پ- به زمانی ئینگلیزی:**

- AITCHISON-JEAN (1999). Linguistics, Teach Yourself Books, Fifth Edition, Coventry, England.
- CORRINGTON-JOHN WILLIAM (1813). Southerner Potter, Institute of Library Research, University of California.
- ELINDA, I. and ROUSSEF, E.A. (2001). Introduction to Mass Communication- Cairo University. Ebook.
- ERICKSON-JEFFREY K.ZEIG (1980). A Teaching Seminar with Milton H. Erickson by Milton, H. Erickson Foundation, New York.
- FULLIN WIDER-S.P (2004). Patterns in Twentieth-Century European Thought, P. Lang.
-CATES-DIANA FRITZ (2009). Aquinas on the Emotions, Georgetown University Press.
-LEECH, G (1974). Semantics, London.
- STEVE-BUTTERFIELD (2009). The Complete Idiot's Guide to Persuasion, Booth Penguin Group, New York.

## آليات الاستمالة في الخطاب سياسية الكردي

**نوال سمايل عزيز**
قسم اللغة الكوردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين–أربيل،إقليم كوردستان،العراق
nawalsmail98@gmail.com

**هيوا أحمد عەساف**
قسم اللغة الكوردية، كلية التربية/شقلاوة، جامعة صلاح الدين–أربيل،إقليم كوردستان،العراق
hewa.assaf@su.edu.krd

**الملخص**

الاستمالة هي مثيرات اللغوية، قد تؤثر على انفعالات المخاطب و تغير اتجاه تفكيره. ويمكن مجموعة من الآليات اللغوية أن تؤدي هذه الواجب، حيث يحاول المرسل (المتحدث) من خلالها يسيطر على المتلقي وتوجيهه. يناقش هذا البحث ، عنوانه (آليات الاستمالة في الخطاب سياسية الكردية )،و يبحث عن الآليات الاستمالة المختلفة من خلال محاولات المختلفة للمتكلم لإقناع المتلقي. يختص بحثنا بخطاب السياسي الكردي من خلال فترة محدودة وهذه الفترة فترة حملة الانتخابية للانتخابات برلمان كردستان في أكتوبر/تشرين الأول لعام ٢٠٢٤. هذا البحث تحدد المبادئ النظرية اقناع بشكل عام، و خصوصا الاستمالة، و بعد ذلك تحت ضوء هذه النظريات يركز على تحليل الخطاب السياسي الكردي في ضوء هذه المبادئ النظرية، وتحدد هذه المبادئ والآليات. كما يحلل ويفسر الخطاب السياسي الكردي، و خطة و سياسة الإقناع لدى المتحدثين السياسيين، على مبدى النسبة وسعة استخدام كل مبدأ من المبادئ النظرية في خطاباتهم.

**الكلمات المفتاحية:** الإقناع، الاستمالة ، الشعار، التواصل السياسي، الخطاب السياسي.

## Mechanisms of Captation in Kurdish Political Discourse

**Nawal Smail Azeez**
Department of Kurdish,College of Basic Education,
Salahaddin University-Erbil,Kurdistan Region,Iraq
nawalsmail98@gmail.com

**Hiwa Ahmed Assaf**
Department of Kurdish,College of Education/ Shaqlawa,
Salahaddin University-Erbil,Kurdistan Region,Iraq
hewa.assaf@su.edu.krd

**Abstract**

Captation refers to stimuli that, through language, affect the recipient's emotions and change the direction of his thinking. A number of linguistic mechanisms can accomplish this task by which the sender (speaker) tries to control and direct the receiver. This paper, entitled (Mechanisms of Captation in Kurdish Political Discourse), discusses the different mechanisms of (الاستمالة Captation, ) within the framework of different attempts of the speaker to convince the recipient. Our research focuses on Kurdish political discourse during the campaign period for the Kurdistan parliamentary elections in October 2024. The study identifies the theoretical principles of persuasion in general and captation in particular, then analyzes Kurdish political discourse in the light of these theoretical principles and identifies the principles and mechanisms. Based on the rate and the extent of the use of each principle in the theory in the speeches, it also analyzes and interprets Kurdish political discourse and the plan and policy of persuasion among political speakers .

**Keywords: p**ersuasion, captation, Motto, political relation, political speech.